Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هۆکارەکانی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە لەلای عەرەب لە پێش ئیسلام دا

یوسف صابر مولود
yousif.s.mawlood@su.edu.krd

شهلة برهان عبد الله
Shahla.abdulla@edu.su.krd

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:
لە پێش ئیسلامدا، تۆڵەسەندنەوە لە نێوان هۆزە عەرەبەییەکاندا، بەشێکی دانەبڕاو بوو لە ژیانی خێڵەکییدا، کە پشتی بە بنەماکانی ڕێز و شکۆ ئەبەست، تۆڵەسەندنەوەیان بە ئامرازێک بۆ گەڕاندنەوەی ئەم بەهایانە دائەنا. ئەگەر ئەندامێکی هۆزێك کوژرا، یان سووکایەتیی پێ کرا، ئەرکیی هۆزەکە بوو تۆڵەی بکاتەوە، چونکە لە دەستدانی شکۆداریی بە واتای لە دەستدانی پێگەی خێڵەکە بوو. بۆیە تۆڵەسەندنەوە بۆ پاراستنی شکۆی خێڵ مەرجێکی کۆمەڵایەتیی بوو. لە ئەنجامی نەبوونی سیستمێکی یاسایی و حوکومەتێکی ناوەندیی، کە دادپەروەریی بسەپێنێت و لێ پرسینەوە لە تاوانبار بکات، هۆزە عەرەبەکان خۆیان بەو کارە هەڵئەستان، پەنایان ئەبردە بەر تۆڵەسەندنەوەی کەسیی و بنەماڵەیی و خێڵەکیی، نەک دامەزراوەیی. بۆ ئەوەی لە نەنگیی و سووکایەتیی هۆزەکان ڕزگاریان بێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئەم توێژینەوەیە (هۆکارەکانی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە لەلای عەرەب لە پێش ئیسلامدا) بە کۆمەڵێك سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەری باوەڕپێکراو پشتبەستە. توێژینەوەکە بەسەر پێشەکیی و ئەنجام و چەند تەوەرێك دابەشکراوە، وەك: پێناسەی دیاردەی تۆڵە لە سەرچاوەکانی زمان و قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) کراوە، هەروەها باس لە هۆکارە (کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی و ئایینیی)یەکانی دیارەی تۆڵەسەندنەوە کراوە، هەریەك لەو هۆکارانەش بۆ چەند هۆکاری تر وردکراونەتەوە.
ژیان لە کۆمەڵگای عەرەبیی پێش ئیسلامدا لەسەر بنەمای دڵسۆزیی بۆ هۆز بوو، تۆڵەسەندنەوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی خێڵەکیی و هاوەدەنگیی نێوان ئەندامانی خێڵ ئامرازێک بوو. هێرشکردنە سەر ئەندامێکی خێڵەکە بە هێرشکردنە سەر تێکڕای هۆزەکە هەژمار ئەکرا و ئەبوو هەمووان بەشداریی لە تۆڵەسەندنەوە دا بکەن. کۆمەڵگەی عەرەبیی پێش ئیسلام تۆڵەسەندنەوەی وەک بەشێک لە سیستەمی سروشتیی خۆی سەیر ئەکرد، بەڵام ئەوەش وردە وردە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام گۆڕانی بەسەردا هات.

**کلیلە وشەکان: تۆڵە، خێڵ، داب و نەریت، ڕێز و شکۆ.**

Recieved: 22/10/2024
Accepted: 24/11/2024

## پێشەكیی:

تۆڵەسەندنەوە خواستێكی زگماكییە لە مرۆڤدا، زۆرجار هەوڵ ئەدات تۆڵەی خۆی بكاتەوە لەو زیانانەی، كە بەسەریان داهێناوە. ئەمەش لە زۆرێك لە كلتوورەكان بە درێژایی سەردەمەكان ئەبینرێت، كە تۆڵەسەندنەوە بە رێگایەک بۆ گەڕاندنەوەی شكۆ و گەیشتن بە مافی كەسیی و خێزانیی و خێڵەكیی و تەنانەت دەوڵەتیش دانراوە. بەتایبەتیی تۆڵەسەندنەوە لەلای عەرەب بووبووە بەشێك لە ژیان و داب و نەریتییان، زۆرجار لەو بوارەدا زیادەڕۆییان ئەكرد و تۆڵەی خۆیان بە زیادەوە ئەكردەوە، ئەمەش سووڕێكی تۆڵەسەندنەوەی بە دوای خۆی دائەهێنا و شەڕی درێژخایەنی لێ ئەكەوتەوە، وەك ئەو شەڕانەی لە مێژووی عەرەبی پێش ئیسلامدا، بە (ايام العرب) ناسراون.

گرنگیی ئەم توێژینەوە لە وەدا خۆی ئەبینێتەوە، كە تیشك ئەخاتە سەر كێشەی خوێن و چۆنییەتیی رێكخستنی كۆمەڵگەی عەرەب لە پێش ئیسلامدا، كە تۆڵەسەندنەوە چ كاریگەرییەكی خراپیی لەسەر كۆمەڵگە هەبووە، لە ئێستاشدا خەڵكانێك هەن پەنا ئەبەنە بەر تۆڵەكردنەوە، بە بێ گەڕانەوە بۆ یاسا و دادگا. ئەم توێژینەوەیە یارمەتیی دەرە بۆ تێگەیشتن لە ئەنجامە خراپەكانی تۆڵەسەندنەوەی كەسیی لە دەرەوەی دادگا و پەرەسەندنی دوژمنداریی و لێكترازانی كۆمەڵگە، هەروەها ئامانجمان لەم توێژینەوەیە دا بریتییە لە: تێگەیشتن لەو هۆكارانەی كە بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە، بە شێوەیەك كاریگەریی لەسەر كۆی كایەكانی ژیان هەبووە، بە جۆرێك بتوانین كۆمەڵگە لەم دیاردەیە ئاگادار بكەینەوە و سوود لە هەڵەكانیان وەربگریین. هەروەها روونكردنەوەی ئەوەی، كە چۆن پرسی تۆڵەسەندنەوە و خوێن بە خوێن هۆكار بووە لە دروستكردنی ململانێی بەردەوام لە نێوان هۆزەكاندا. كاریگەرییەكانیان لەسەر سەقامگیریی كۆمەڵگە و پەیوەندییە ناوخۆییی و دەرەكییەكان. ئەمانەوێت لایەنە خراپەكانی تۆڵەسەندنەوەی كەسیی بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی لایەنی پێوەندییدار سزای توند بۆ ئەو دیاردەیە دابنێت، لە پێنا و دەستەبەركردنی سەقامگیریی و رێگرتن لە بێ سەروبەریی و پشێویی خێڵەكیی، بۆ ئەوەی هەموو تاكێك هەست بكات مافی پارێزراوە و متمانەی زیاتریان بە دادگاكان هەبێت، كە پارێزەری مافەكانییان ئەبێت.

هەرچیی سەبارەت بە گرفتی توێژینەوەكە یە خۆی لە كۆمەڵە پرسیارێك ئەبینێتەوە، كە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵی وەڵام دانەوەی دراوە، پرسیارەكانیش ئەمانەن: (چەمكی تۆڵە چییە؟ ژینگەی جوگرافیی و خێڵەكیی چۆن هۆكار بووە بۆ تۆڵەسەندنەوە؟ بۆچیی عەرەب پەنایان بردۆتە بەر تۆڵەسەندنەوە لە جیاتیی ئاشتەوایی و چارەسەریی ئاشتیانەی كێشەكان؟ نەبوونی دەوڵەتێكی سیاسیی یەكگرتوو چ كاریگەرییەكی هەبوو لەسەر ئەم دیاردەیە و تا خەڵك ناچاربن بۆ خۆیان تۆڵەی خۆیان وەربگرنەوە؟). ئەوەی شایەنی باسە ئەم توێژینەوەیە گریمانەیەكی سەرەكیی لە خۆ ئەگرێت، ئەویش بریتییە لەوەی: خەڵكیی پەنا نابەنە بەر تۆڵەسەندنەوە، ئەگەر دادپەروەری هەبێت و یاسا لەسەر تاوانبار جێبەجێ بكرێت. كاتێك خەڵكیی بێ هیوا ئەبن لەوەی دادگا مافەكانییان بۆ بگێڕێتەوە، ناچار ئەبن پەنا ببەنە بەر تۆڵەسەندنەوەی كەسیی لە دەرەوەی دادگا و بۆ خۆیان تۆڵەی خۆیان بكەنەوە، ئەوەش نەك هەر بۆ سەردەمی عەرەبی پێش ئیسلام؛ بەڵكو بۆ هەموو سەردەمێك ڕاست و درووستە.

سەبارەت بەو توێژینەوانەی پێشووتر، چەند توێژینەوەیەكی نزیك لەم توێژینەوەی ئێمە نووسراون، بەڵام توێژینەوەكان زیاتر رەهەندێكی ئایینیی و یاساییان هەیە، نەك مێژوویی، توێژینەوەكانیش زیاتر بەزمانی عەرەبیی نووسراون، تێبینی ئەوەش ئەكرێت داب و نەریتی ئەو كۆمەڵگایانەیی توێژینەوەكانی تێدا ئەنجامدراوە،

لەکۆمەڵگەی ئێمە جیاوازن ، وەك توێژینەوەكانی: (محمد عماد احمد عبدالجواد: الثار عند العرب مقارنا بالقصاص في الشريعة الاسلامية) هەروەها (عبدالباسط احمد محمد حسن: ظاهرة الثار دراسة الدعوية)، هەرچیی توێژینەوەی یەکەمە تێزێکیی ئەکادیمییە کەمتر پەرژاوەتە سەر لایەنە مێژووییەکەی و زیاتر رەهەندێکی ئایینیی هەیە، هەرچیی توێژینەوەی دووەمە زیاتر وەکو وتاری ئایینیی نووسراوە، کەمترین سەرچاوەی تێدا بەکار هاتووە، بەڵام بە زمانی کوردیی بەرچاومان نەکەوتووە کە لەم بوارەدا توێژینەوە نووسرابێت. ئەم توێژینەوەی ئێمە هەم بە زمانی کوردییە و هەمیش توێژینەوەیەکی مێژووییە. جیاوازی ئەم توێژینەوەی ئێمە لەگەڵ ئەم توێژینەوانە لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە، کە بە تێڕوانینێکی کوردانە نووسراوە و ئەو نموونانەمان وەرگرتووە، کە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە سوودی ئەبێت.

لە نووسینی توێژینەوەکە دا؛ سەرەڕای میتۆدی وەسفی و گێڕانەوە ریبازی مێژوویی شیکارییش بەکارهێنراوە، هەوڵ داوە بەشێوەیەکی لۆژیکیی رووداوە مێژووییەکان و هۆکارەکانی پەنابردنە بەر تۆڵەسەندنەوە شیکار بکرێت. خویندنەوەیەکی مێژوویی گشتگیرمان بۆ رووداوە مێژووییەکان کردووە و لەبەرامبەر هەر رووداوێك شیکردنەوە و راڤەی پێویست ئەنجامدراوە. ئەوەی شایەنی باسە توێژینەوەکە لە سێ تەوەری سەرەکیی پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم باسمان لە پێناسەی تۆڵەکردوە لە رووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە، ئەوەمان روون کردۆتەوە، کە تۆڵە بەمانای داواکردنی خوێنی کوژراو دێت و جیاوازیمان کردووە لە نێوان چەمکیی (الثأر) و (القصاص). کە هەردووکیان بەمانای تۆڵەکردنەوە دێت، بەڵام (القصاص) دادپەروەریی تێدایە و رەچاوی مافی خاوەن ماف و تاوانبار یش ئەکات، بەڵام لە تەوەری دووەم باس لە ژینگەی جوگرافیی و خێڵەکیی و هۆکارە رۆشنبییریی و کۆمەڵایەتییەکان کراوە، بۆ هەر یەکەیان چەندیین نموونەمان وەرگرتووە، باسی ئەوەمان کردووە، کە چۆن ژینگە و دەمارگیریی هۆزایەتیی کاریگەریی لەسەر پەنا بردنە بەر تۆڵەسەندنەوە هەبووە. هەرچیی تەوەرەی سێیەمە تایبەتە بە هۆکارەکانی (ئابووریی و سیاسیی و ئایینیی) تۆڵەسەندنەوە لەلای عەرەب لە پێش ئیسلامدا، هەریەك لەم هۆکارانە وردکراونەتەوە و بەسەر چەند باسی تردا؛ دابەشکراون، بۆ هەر یەکەیان نموونەی کەتواری(واقعی) هێنراوەتەوە.

لەم توێژینەوەیە دا سوودمان لە چەند سەرچاوەکی گرنگ وەرگرتووە، لە تەوەری یەکەم بۆ پێناسەکردنی چەمکی تۆڵە سوودمان وەرگرتووە لە تەفسیرەکانی قورئانی پیرۆز و کتێبەکانی زمان، زیاتر سوودمان لە (ابن منظور: لسان العرب) و (الفراهدی: كتاب العين) وەرگرتووە. بەڵام لە تەوەری دووەم و سێیەم بە شێوەیەکی زۆر سوودمان لە (ابن الاثیر: كامل في التاريخ) و (النويری: نهاية الأرب في فنون الأدب) وەرگرتووە. بەتایبەتی تر (ابن الاثیر) نزیکەی بەرگێکی کتێبەکەی بۆ شەڕەکانی عەرەب لە پێش ئیسلام تەرخان کردووە. لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەسەرچاوەی تر، کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ کراوە.

لە کۆتاییدا، هیوادارین توێژینەوەیەکی بە کەڵك و بە سوودمان پێشکەش کردبێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا دان بە کەم و کورتییەکاندا ئەنێین و هیچ کارێکی مرۆڤ بەدەرنییە لە کەم و کووڕیی و ناتەواویی.

## تەوەریی یەکەم: پێناسەی دیاردەی تۆڵە:

١/ پێناسەی تۆڵە لە رووی زمانەوانیی:

تۆڵە (الثأر): لە زمانی عەرەبییدا واتە: داواکردنەوەی تۆڵەی خوێنی کوژراو (ابن الاثير، ١٩٧٩، ٢٠٤/١). ئەوترێت (ثأرت

القتیل) (النسفی،١٣١١هـ ص١٠٩؛ الحمیری، ١٩٩٩، ٩٢٢/٢؛ ابن الاثیر، ١٩٧٩، ٢٠٤/١)، واتە: تۆڵەی کوژراوەکەم کردەوە، یان (ثأرت بە وأنا ثائر) (ابن الاثیر، ١٩٧٩، ٢٠٤/١؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ ٩٧/٤)، بکوژەکەم کوشتەوە. هەروەها بە (الذحل) هاتووە: ئەوترێت: (طلب بذحله) (الجوهري، ١٩٨٧، ١٧٠١/٤؛ ابن فارس، ١٩٧٩، ٣٧٠/٢؛ الرزاي، ١٩٩٩، ١١٢/١)، واتە: داوای تۆڵەی کرد، وتراوە: (الثأر الطلب بالدم) (الفراهیدي، د.م، ٢٣٦/٨؛ ابن سیدة، ٢٠٠٠، ١٧٢/١٠؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ ٤، ٩٧)، واتە: تۆڵە بریتییە لە داواکردنی خوێن، یان خودی خوێن خۆیەتیی(ابن سیدة، ٢٠٠٠، ١٧٢/١٠؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ ٩٧/٤)، کۆکردنەوەی ئەبێتە (أثار وآثار) ابن سیدة، ٢٠٠٠، ١٧٢/١٠؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ ٩٧/٤؛ الفیروز ابادي، ٢٠٠٥، ٣٥٨/١ (الثار قاتل حمیمك)(ابن سیدة، ٢٠٠٠، ١٧٢/١٠؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ ٩٧/٤). واتە: تۆڵەسەندنەوە لە بکوژی دۆست و خزم، ئەوترێت: (ادرك فلان ثورته) (الفراهیدي، د.م، ١٠٩/١)، واتە: گەیشت بە ئامانجەکەی، کەوا تۆڵەی لێ بکاتەوە. (أدرك من یطلب ثأره)(الازهري، ٢٠٠١، ٨٢/١٥؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ ٩٧/٤)، یان فلان کەس تۆڵەی خۆی لە بکوژەکە کردەوە، یان بکوژەکەی کوشتەوە (ابن منظور، ١٤١٤هـ ٩٧/٤؛ الزبیدي، د.م، ٣٠٥/١٠).

شایەنی باسە لە قورئانی پیرۆزدا وشەی (الثأر) نەهاتووە، لە جیاتی ئەوە لە قورئان دا (القصاص) هاتووە. (القصاص) لە (قص)هوە هاتووە، بە واتای بەدوا داچوون دێت(الثعلبي، ٢٠٠٢، ٥٤/٢؛ البغوي، ١٤٢٠هـ ٢٠٧/١؛ الفیروز ابادي، ٢٠٠٥، ٦٢٧/١). لەبەرئەوە تۆڵەکەرەوە ئەوە بە تاوانبار ئەکات، کە کردوویەتیی، وەك ئەوەی شوێن کردارەکەی بکەوێت (امارة، ٢٠٢١، ص٤٦). واتە زیادەڕەویی تێدا نییە؛ بەهەمان شێوە تۆڵەی خۆی ئەکاتەوە. وەك خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿فَٱرۡتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا قَصَصٗا﴾ (سورة الكهف، الایة ٦٤)، واتە: (بە شوێنەوار و جێ پێ کانییاندا گەڕانەوە...). (ابن کثیر، ٢٠١٤، ٤٠٧/٣). هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿وَقَالَتۡ لِأُخۡتِهِۦ قُصِّيهِۖ﴾ (سورة قصص، الایة ١١). واتە: (شوێن موسا بکەوە بزانە چی بە سەر دێت...) (ابن اکثیر، ٢٠١٤، ١٦٢/٤). (القصاص) لە (الثار) وردترە و دادپەروەری تێدایە، هەروەك خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿...كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ﴾. (سورة البقرة، الایة ١٧٨). واتە: لەسەر ئەوانەی کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیارداون، وەکو خۆی بە بێ سنووربەزاندن، تەنها تۆڵە لە تاوانبار وەرئەگیرێتەوە (ابن کثیر، ٢٠١٤، ٣٧١/١). یان ئەفەرمووێت: ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَـٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾. (سورة البقرة، الایة ١٧٩) واتە. لە تۆڵەکردنەوەدا ژیان هەیە. (ابن کثیر، ٢٠١٤، ٣٧١/١) بە گوێرەیی زانیاریی ئێمە وشەی (الثأر)، تەنها لە یەك فەرموودە دا هاتووە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرمووێت: (اللهم اجعل ثأرنا علی من ظلمنا...) (الترمذی، د.م، ٥٢٨/٥). واتە: خوایە تۆڵەی ئێمە لەو کەسانە بکەوە کە ستەمییان لێ کردووین. لەم فەرموودە یەشدا هەرچەندە بە (الثأر) هاتووە، بەڵام دیارییکردووە، تەنیا تۆڵە لەو کەسانە بکرێتەوە، کە ستەمییان کردووە. موسڵمان لە رێگەی ئەم پاڕانەوەیە هەوڵئەدات خۆی لە تۆڵەسەندنەوەی کەسیی بەدوور بگرێت و پێی باشە دادپەروەریی لە رێگەی خوداوە بێت، کە بارودۆخ و مەبەستەکان باشتر ئەزانێت.

٢/ چەمکی تۆڵە لە روویی زاراوەییەوە:

تۆڵە لە رووی زاراوەییەوە هەمان مانای زمانەوانیی هەیە، کە بەمانای داواکردنەوەی خوێنی راژاو دێت. تۆڵە بریتییە لە ئەنجامدانی تاوانی کوشتن، بریندارکردن، یاخود هەر ئازاردانێکی جەستەیی، یان دەروونیی (زەڵمی، ٢٠١٥، ل٢٨). بە پێی داب و نەریتی عەرەب مافی ئەوەیان هەبووە، کە تۆڵە لە بکوژەکە، یان ئەندامێکی خێزانەکە، یان خێڵەکە بکەنەوە کە یەکێک بوو لە باوترین داب و نەریتە خێڵەکییەکان لە حاڵەتی کوشتنیی بە ئەنقەست

دا (عبدالجـواد، ٢٠٠٧، ص٦٥). هەروەهـا تۆڵەسـەندنەوە لـەو کەسـەی، کـە ئـەو کارەی ئەنجامـداوە، بـەو پێیـەی خـاوەن مـاف باوەڕیـی بـەوە هەیـە تۆڵەسـەندنەوە بەرپرسـیاریەتییەکە کەوتۆتـە سەرشـانی و ئەبێـت تۆڵەبکاتـەوە و مافەکـەی وەربگرێتـەوە (عبدالجـواد، ٢٠٠٧، ص٦٥). لەبەرئـەوەی لەسـەردەمیی نەفامیـدا بۆچوونییـان وابـوو کـەوا ئـەو کـوژراوەی تۆڵـەی خوێنەکـەی نەکرێتـەوە گیانەکـەی ئەبێتـە باڵندەیەکـی شـووم و لەسـەر گـۆڕی خـۆی ئەوەسـتێت: ئەڵێـت: لـە خوێنـی بکوژەکـەم بدەنـێ، بـەڵام ئەگـەر تۆڵـەی کرایـەوە ئـەوکات ئەفڕێـت و ئاسـوودە ئەبێـت (القسـطلاني، ١٣٢٣هـ، ٢٢٨/٦).

ئـەوەی شـایەنی باسـە دیـاردەی تۆڵەکردنـەوە لـە نێـو کۆمەڵگـەی عـەرەب و نەتەوەکانیـی تـری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـە (کوردستان)نیشـەوە بـۆ هەمـان نەنگیـی و بیرکردنـەوە ئەگەڕێتـەوە ، کـە پێشـتر لـە پێناویـدا پەنایـان بـۆ ئەبـرد! ئێسـتاش پەنـا ئەبرێتـە بـەر تۆڵەکردنـەوە لەبـەر نەنگـی و شـەرمەزاری و بەکـەم تەماشـاکردن و بەبـێ دەسـەڵات و ترسـنۆك تەماشـاکردنییان لەلایـەن ئەندامانـی کۆمەڵگـەوە، لەبەرئـەوە پەنـا بـۆ تۆڵەکردنـەوە ئەبـەن و قوربانیـی بـۆ ئـەدەن، بەبـێ گوێدانـە ئـەوەی دەرەنجامەکـەی چـۆن ئەبێـت.

## تـەوەری دووەم: ژینگـەی جوگرافیـی و خێڵەکیـی و هـۆکاری کۆمەڵایەتیـی و ڕۆشـنبیریی بـۆ تۆڵەسـەندنەوە:

١/ کاریگەریی ژینگەی جوگرافیی لەسەر تۆڵەسەندنەوە:

پەیوەندیـی نێـوان ژینگـە و مـرۆڤ لەوکاتـەوە دەسـتی پـێ کـردووە، کـە مـرۆڤ هاتۆتـە سـەر زەویـی، بۆیـە پەیوەندییەکـی ئۆرگانـی و تەنانـەت جەدەلیـی لـە نێـوان ژینگـە و مرۆڤـدا هەیـە (ئەلزەیـدی، ٢٠١٥، ل١٤١؛ گۆمەتاڵـی، ٢٠٢٠، ل١٥٤). لەبەرئـەوە ژینگـەی جوگرافیـی کاریگەریـی لەسـەر شـێوازی ژیـان و داب و نەریـت و ڕەفتـاری مـرۆڤ هەیـە. تۆڵەکردنـەوە یەکێـك بـوو لـەو دیاردانـەی مـرۆڤ بەهـۆی کاریگەریـی ژینگـەی جوگرافیـی و بارودۆخیـی ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی پەنـای بـۆ بـردوە، بەپێـی داب و نەریتیـی هـۆز بـە نیشـانەی پیاوەتیـی و جوامێرییـان ئەزانیـی، لـە هەمانکاتـدا لـێ خۆشـبوون و ڕێکەوتـن و وەرگرتنـی خوێنبایی(دیـە) بـە سەرشـۆڕیی و ترسـنۆکیی و بـێ دەسـەڵاتیی لێـك ئەدرایـەوە. بێگومـان تێگەیشـتن لـەو ژینگـە جوگرافییـە کارئاسـانی ئـەکات بـۆ ئـەوەی شـیکارێکی درووسـت و بابەتییانـە بـۆ دیـاردەی تۆڵـە لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبیـی لـەلای عـەرەب پێـش ئیسـلام بکەیـن.

ئـەوەی شـایەنی باسـە بایەخـدان بـە کاریگەریـی هـۆکارە ژینگەییـەکان لەسـەر کۆمەڵگـە مرۆییـەکان ڕەگ و ڕیشـەیەکی کۆنیـی هەیـە. لەوانەیـە ئەرسـتۆ یەکـەم کـەس بێـت، کـە ئامـاژەی بـە کاریگەریـی هـۆکارە جوگرافییـەکان لەسـەر ژیانـی کۆمەڵایەتیـی مـرۆڤ کردبێـت (٢٠٠٥، ل١٩١). هەروەهـا (ابـن خلـدون) بـە شـێوەیەکی زۆر فـراوان بـاس لـەو کاریگەرییـە ئـەکات و ئەڵێـت: (ناوچـە گـەرم و سـاردەکان کارئەکەنـە سـەر لایەنـی دەرونیـی و پێکهاتـەی جەسـتەی مـرۆڤ بەگوێـرەی شـوێنی نیشـتەجێبوونییان)(١٩٨٤، ص٨٦-٨٧). هەروەهـا ئەڵێـت: (کۆچەرییـەکان بـە زۆر خەڵکـی تـاڵان ئەکـەن، بژێوییـان لەسـەر نووکـی ڕمەکانییانـە، هەرکـە چاویـان بەماڵـی کەسـێك بکەوێـت بـۆ خۆیـان ئەیبـەن) (ابـن خلـدون، ١٩٨٨، ص١٨٧- ١٨٨). ئەمـە تۆڵـەی لـێ ئەکەوێتـەوە، ئـەوەی دەسـتدرێژی کراوەتـە سـەر هـەوڵ ئـەدات تۆڵـەی خـۆی بکاتـەوە.

لەبەرئـەوە کاریگەریـی ژینگـەی جوگرافیـی وای لـە تاکـی کۆچـەر و بیاباننشـین کـردووە بـەو شـێوەیە بـژی و بیربکاتـەوە، ئـەوان ڕقیـان لـەو ژیانەیـە، کـە لـە ڕێگـەی ئیشـکردنەوە دەسـتییان ئەکەوێـت، بۆیـە لـە دێـر زەمانـەوە شـەرم ئـەکات لـەوەی

كاری دەستی بكات؛ ببێتە پیشەگەر، وا بییرئەكاتەوە (المهنة) لە (المهانە)(الازهری، ٢٠٠١، ١٧٥/٦؛ ابن منظور، ١٤١٤هـ ١٣/ ٤٢٥) وەرگیراوە؛ بە مانای سووكایەتیی دێت، ئەبێت واز لەو كارانە بێنن و لە ژێر رەحمەتی شمشێرەكانییان بژێوییان پەیدابكەن (علی وردی، ٢٠١٥، ل١٥)، ئەمەش شەڕ و ململانێ و تۆڵەسەندنەوەی لێ ئەكەوێتەوە. بە هەمان شێوە (مونتسیكۆ) فەیلەسوفی فەرەنسی هەمان بۆ چوونی هەیە و ئەڵێت: بارودۆخی سروشتی كارئەكاتە سەر تایبەتمەندییە دەروونیی، جەستەیی و كۆمەڵایەتییەكانی مرۆڤ، بە بڕوای ناوبراو (دانیشتوانی ناوچە ساردەكان زیاتر بڕوایان بە خۆیان هەیە و كەسایەتییان بەرزە، زیاتر پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەبەن)(٢٠٠٢، ل٣٣١)، (مۆنتسیكۆ) و فەیلەسوفانی تریش چاكیی و باشیی و جوامێریی زیاتر پاڵ ئەدەنە سەر ناوچە ساردەكان و ناوچە گەرمەكان بە تەمبەڵ و تەوەزەل وەسف ئەكەن، بەڵام ئەوە بۆچوونی خۆیانە، مەرج نییە بەو رەهاییە راست بیت، رەنگە لە دەمارگیریی و رەگەزپەرستییەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەتایبەت لەلای یۆنانییەكان ئەو بییركردنەوەیە هەبوو(مۆنس، ١٩٨٧، ص٢٨). هەروەها ئەڵێت: (هەستی تاوان لە ناویان زۆر بەهێزترە، هەركەس لەشوێنیی خۆیەوە ئەیەوێت ئارامی و سۆز و خۆشەویستیی لە دەستی ئەویتر بڕفێنێ و بیخاتە خزمەتی خۆییەوە) مۆنس، ١٩٨٧، ص٣٤).

ئاشكراییە لە ئەنجامی ئەوەش شەڕ و ململانێ و كوشتار درووست ئەبێت و تۆڵەسەندنەوە دێتە ئاراوە، ئەوەی شایەنی باسە ئەو كاریگەرییە لە ناوچە بیابانییەكان لە نیمچەدوورگەی عەرەبیی زیاتر ئەبێت، ژینگەی بیابان، بە توندی و كەمی سەرچاوەكانیی، كاریگەرییەكی زۆری لەسەر بڵاوبوونەوە و بە هێزبوونی كلتووری تۆڵەسەندنەوە لە نێوان هۆزەكاندا هەبووە. لەبەرئەوە (ابن خلدون) ئەڵێت: (تایبەتمەند بوونی خێلەكییەكان بە دەشتەكی بوونەوە شتێكی پێویستە و خۆ لادان لێی ئەستەمە)(١٩٨٤، ص١٢٠). هەروەها ناچارن بۆ پەیداكردنی ئاو و لەوەڕی باش هەمیشە لە جوولە و بیابانگەریی دا بن، چونكە لەوەڕی حوشتر زیاتر لەسەر دڕكی بیابانە (ابن خلدون، ١٩٨٤، ص١٢١). هەربۆیە حوشترەوانان ناچارن رێگە دوورەكان بگرنەبەر بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێن و لەوەڕگەی باش، چونكە پاسەوانانی سنووری هۆزەكانی تر رێگە نادەن لە لەوەڕگە بەپیتەكانی سنوورەكانییان دا بمیننەوە(ابن خلدون، ١٩٨٤، ص١٢١) .

بە پشت بەستن بە جوولەی كۆچڕەوان و پەیداكردنی نان بە نووكی شمشێرەكانیان، هەروەها ئاماژە بەوە كرا خەڵكی بیابان بەهۆی كەمی لەوەڕ بۆ ئاژەڵەكانیان بەردەوام لە گەڕان و سووڕان دا بوون، كەواتە ئەوە ئەو بۆچوونە بە رەهایی رەت ئەكاتەوە، كە خەڵكی ناوچە گەرمەكان تەمبەڵ و تەوەزەل بن، چونكە ئەو جوولەیەی ئەوان ئەیكەن بە دوای پەیداكردنی نان و لەوەڕ بۆ ئاژەڵەكانیان هێز و بازو و جووڵەی بەردەوام و چالاكی پێویستە.

هەروەها (ابن خلدون) باسی كاریگەریی ئاووهەوای گەرم ئەكات لەسەر چەند ناوچەیەك، ئەڵێت: خەڵكەكەی وەكو وەحشیی وان، سۆز و بەزەییان لەگەڵ یەكدا نییە، تەنانەت هەندێكجار یەكتریی ئەخۆن(یأكل بعضهم بعضا)، بۆیە لە زۆربەی داب و نەریتەكان لە گیانەوەرانەوە نزییكن(ابن خلدون، ١٩٨٤، ص٨٣). ئەوەی جێگای ئاماژە بۆكردنە ئەو سروشتە جوگرافییە ناچاری كردوون بەدوای لەوەڕی باش دا بۆ ئاژەڵەكانییان بگەڕێن، هەر هۆزێك لەوەرگای تایبەت بەخۆی پاوان كردووە و رێگەنادەن هۆزەكانی تر ئەو سنوورە ببەزێنن، ئەمە زۆرجار كاریگەریی لەسەر شەڕ و ململانی و تۆڵەسەندنەوە هەبووە لە مێژووی عەرەبیی پێش ئیسلام، كەواتە ئەتوانین بڵێین ژینگەی جوگرافیی كاریگەریی گەورەی لەسەر رەفتاری مرۆڤ هەیە. ئەو رەفتارانەی مرۆڤ ئەبێتە هۆی ئەوەی

بەرامبەریـش هەمـان کار ئەنجامبـدات، لـە داگیرکاریـی و فراوانخوازیـی و دەسـتگرتن بەسـەر لـەوەرگا، ئـەوەش وائـەکات ئـەوەی هێرشـی ئەکرێتـە سـەر و سـنووری ئەبەزێنرێـت، بـێ دەنـگ نەبێـت، ئەویـش تۆڵـەی خـۆی ئەکاتـەوە، شـەڕی درێـژ خایـەن لـە نێوانییانـدا بـەردەوام ئەبێـت، هەروەکـو روویـداوە، کـە لـە تەوەرەکانـی داهاتـوو ئامـاژەی بـۆ ئەکەیـن. (حسـین مؤنـس) وەڵامـی ئـەو بۆچوونانـەی سـەرەوە ئەداتـەوە و جوانـتر و بـە شـێوەیەکی لۆژیکـی تـر بـاس لـە کاریگەریـی ژینگـەی جوگرافیـی ئـەکات و نموونـەی شارسـتانیی لـە ناوچەگەرمەکانیـش دێنێتـەوە و ئەڵێـت: کەشـوهەوا ئەتوانێـت کاریگەریـی لەسـەر چالاکییەکانـی مـرۆڤ هەبێـت، بـەڵام ئـەم کاریگەرییـە رەهـا نییـە، لـە کاتێکـدا کەشـوهەوای گـەرم رەنگـە توانـای جەسـتەیی کەمبکاتـەوە، بـەڵام توانـا دەروونییـەکان ئەتوانـن لـەو ژینگانـەدا چـالاک و بەرهەمـدار بمێننـەوە، باسـی ئـەو شارسـتانییەتانە ئـەکات، لـە ناوچـە گەرمەکانـدا سـەریان هەڵـداوە، وەکـو هندسـتان و ئەفریقیـای گـەرم، کەسـایەتی زۆر بـە توانـای تێیـدا دەرکـەوت، وەك: (یوسـف بـن تاشـفین ١١٠٦ز) و (منسـی کنکـن موسـی ١٣٣٧ز)، (مـاری جاطـة ١٣١٢ز). هەروەهـا بـاس لـە دانیشـتوانی دورگەکانـی زەریـای هێمـن لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی ئاسـیا ئـەکات، ئـەو ناوچانـە بەگشـتیی کەشـوهەوایەکی گەرمیـان هەیـە، بـەڵام خەڵکەکـەی کاری زۆر گرنگیـان کـردووە، هەروەهـا بـاس لـە خەڵکـی بیابانـی نیمچـە دوورگـەی عەرەبیـی ئـەکات، کـە چـۆن لەگـەڵ ئیسـلام تەمـاس ئەکـەن و ئەبنـە بناغـە دارێـژەری شارسـتانێتیی ئیسـلامیی (١٩٨٧، ص٢٧- ٢٨).

ئەو زانایانە پێیـان وایـە مـرۆڤ کـوڕی ژینگـەی خۆیەتـی، ژینگـە بڕیـار ئـەدات، کـە مرۆڤێکـی ئـازا و زیـرەك و بەهێـز یـان کەسـێکی تەمبـەڵ و تـەوەزەل و بـێ دەسـەڵات بـێ. هەڵبـەت ئـەوە لـەلای ئەوانـەی بڕوایـان بـە حەتمییەتـی کاریگەریـی جوگرافیـی هەیـە. ئەکرێـت ئـەوە بـۆ ئـەو سـەردەم راسـتبێت، بـەڵام لەسـەردەمی تەکنەلۆژیـا و پێشـکەوتنی مرۆڤـدا، مـرۆڤ بـە هەمـوو شـێوەیەك جوگرافییایـی رام کـردووە و شـاخی گـەورە و بەهێـز شـەق ئـەکات و تونێلـی دوور و درێـژی لـێ درووسـت کـردووە و رێـرەوی رووبـارەکان ئەگۆڕێـت و بیابـان ئـاوەدان ئەکاتەوە...هتـد. بۆیـە لەوانەیـە ئـەو کاریگەرییـە بـۆ ئـەم سـەردەمی پێشـکەوتن و تەکنەلۆژیایـە زۆر راسـت نەبێـت.

٢/ هۆکاری رۆشنبییریی:

تۆڵەسـەندنەوە لـە کۆمەڵگـە کۆنەکانـدا، بـە تایبـەت لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبیـی لـە پێـش ئیسـلامدا، لـە کلتـووری خێڵەکیـی بەشـێکیی دانەبـڕاو بـوو. لـە چەندییـن بۆنـەدا بۆتـە هـۆی شـەڕ و ململانێـی سـەربازیی لـە نێـوان هـۆزەکان دا، کـە بـە (ایـام العـرب) (ابـن الحبیـب، د.م، ص٢٤٩؛ المیدانـی، د.م، ٤٣١/٢؛ طقـوش، ٢٠٠٩، ل١٥) نـاسراون. ئاماژەیـە بـۆ ئـەو شـەڕ و رووبەڕووبوونەوانـەی، لـە سـەردەمی پێـش ئیسـلامدا لـە نێـوان هـۆزە عەرەبەکانـدا روویانـداوە، سـەردەمێک، کـە پـڕ بـوو لـە ململانـێ و رووداوی جۆراوجـۆر، کـە سـەرچاوەییەکی گرنگـن بـۆ روونکردنـەوەی هـۆکار و پاڵنەرەکانـی ململانێـی نێـوان هۆزەکانـی عـەرەب و گەلانـی نـا عەرەبیـی وەک: فـارس و رۆم و بیزەنتییـەکان. ئـەم شـەڕانە کـە رەنگدانـەوەی پەیوەندیـی هۆزەکانـە لەگـەڵ یەکـتر (بـرو، ١٩٩٦، ص٢٠٣). ئاوێنەیەکـە لـە ژیانـی عـەرەب و عەقڵییـەت و دابونەریتـی ئـەوان، لایەنـە جۆراوجۆرەکانـی ژیـان وێنائـەکات، لەوانـە شـەڕ و ئاشـتیی، دیـل بـوون و رزگار بـوون. هەروەهـا لێهاتوویـە بەدەسـتهاتووەکان وەک: سـوارچاکیی، جێبەجێکردنـی پەیمانـەکان، پەنـادان و راسـتگۆیی و پیاوەتیـی و جوامێریـی و تۆڵەکردنـەوە (بـرو، ٢٠٠٦، ص٢٠٣-٢٠٥). بـەڵام تۆڵەکردنـەوە بـە دیارتریـن دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان ئەژمێررێـت، کـە بەهـۆی دەمارگیریـی هۆزایەتییـەوە هاتۆتەکایـەوە، بـە شـێوەیەك ئـەم دیاردەیـە بۆتـە بەشـێك لـە داب و نەریتـی عـەرەب و بـوون و مانەوەیـان. ئەگـەر یەکێـك لـە ئەندامانـی هۆزێکـی دیارییکـراو کوژرابـا، ئـەوا هەمـوو ئەندامانـی

هۆزەکـەی پابەندبـوون داوای خوێنەکـەی بکـەن و تۆڵـە لـە خـودی تاوانبارەکـە یـان ئەندامێکـی هۆزەکـەی بکەنـەوە، لەبـەر باوەڕبوونیـان بـەو پەنـدەی، کـە ئەڵێـت: (القتـل أنفـى للقتـلِ) (الماوردي، ١٩٩٩، ٦/١٢؛ السرخـسی، ٢٠٠٠، ٣٨٠/١٠) واتـە: کوشـتنەوە ڕێگریـی ئـەکات لـە کوشـتن.

ئـەم پەنـدە گوزارشـت لـە فەلسـەفەیی تۆڵەکردنـەوە ئـەکات وەك ئامرازێکـی کاریگـەر بـۆ کەمکردنـەوەی تاوانـی کوشـتن و توندوتیژیـی، عـەرەب پێیـان وابـوو جێبەجێکردنـی سـزا لەسـەر کەسـی بکـوژ تـرس لـە کۆمەڵگـە دا بڵاوئەکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی کەسـیی تـر بوێریـی ئـەوە نـەکات پەنابباتـە بـەر کوشـتن. هەمـان مانـای ئـەو ئایەتـەی هەیـە، کـە خـوای گـەورە ئەفەرموویـت: ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾(سـورة البقـرة: الایـە ١٧٩). واتـە: لـە تۆڵەسـەندنەوە دا ژیـان هەیـە (ابـن کثیـر، ٢٠١٤، ٣٧١/١) . ئەمـە وا لەمـرۆڤ ئـەکات زیاتـر وریابێـت لـە مامەمەڵەکـردن لەگـەڵ ئەوانـی تـردا. بـەڵام عـەرەب زۆرجـار پێچەوانـەی ئـەوە کاریـان کـردووە، کاتێـك تاکێـك تاوانێـك ئـەکات بـە تەواویـی هۆزەکـەی پابەندبـوون بـە پێبژاردنـی تاوانەکـەی و لـە ئەسـتۆگرتنی سـەرەنجامەکەی. ئەیانزانـی تاونبـارە، بـەڵام هۆزەکـەی پشـتییان تـێ نەئەکـرد و بەرپرسـیاریەتیی تاوانەکـەی و لێکەوتەکانیـی هەڵئەگـرت. هـەر ئەمـە وایکـرد بـوو تـاك پابەندبوونێکـی کوێرانەیـی بـۆ هۆزەکـەی هەبێـت، چونکـە پشـتگیریی لەبـاش و خراپییەکانیـی ئەکـرا و لەکاتـی تەنگانـە دا پشـتییان بەرنەئـەدا (ابـن سـلمة، ١٣٨٠هــ ص١٤٧).

ئەگەرچیـی لـەلای عـەرەب خوێنبایـی (دیـە) وەك: چارەسـەر و کۆتاییهێنـان بـە ناکۆکییـەکان هەبـوو، بـەڵام لـە زۆربەیـی کاتەکانـدا چاوپۆشـییکردن لـە تۆڵەکردنـەوە و ڕازیبـوون بـە وەرگرتنیـی خوێنبایـی بـە کەمکردنـەوە لـە نرخـی تاکەکـە لـە نـاو کۆمەڵگـە دا ئەنـرا. هـەروەك بەشـێك لـە شـاعیران هانیـی ڕەتکردنـەوەی خوێنباییـان داوە، یەکێـك لـە شـاعیرەکان لەوبارەیـەوە ئەڵێـت:

فلا تأخذ عقلاً من القوم إنني أرى العارَ يبقى والمعاقل تذهب (المرزوقي، ٢٠٠٣، ص١٥٧؛ الرسام، ٢٠١٩، ص٧٦).

ئەگـەر سـەرنج بدەییـن ئەبینییـن ئـەم شـاعیرە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ خوێنبایـی (دیـە) ڕەتئەکاتـەوە و هانـی تۆڵەکردنـەوە ئـەدات. تۆڵەکردنـەوەی پـێ باشـترە نـەک وەرگرتنیـی خوێنبایـی، پێـی وایـە وەرگرتنـی پـارەی خوێـن سـووکایەتی و شـەرمەزارییەکە لەگەڵیانـدا بـەردەوام ئەبێـت. لـە کاتێکـدا تۆڵـەی ڕاسـتەوخۆ شـکۆ و هێـز ئەگەڕێنێتـەوە و شـەرمەزاریی لائەبـات. لێـرە دا شـاعیر وەك تاکێکـی نێـو کۆمەڵگـەی عەرەبیـی گوزارشـت لـە داب و نەریتـی کۆمەڵگـە ئـەکات بـەوەی هانـی تۆڵەسـەندنەوەی ڕاسـتەوخۆ ئـەدات، وەک ڕێگەییـەک بـۆ پاراسـتنی ڕێـز و بەهـای هۆزەکـە؛ نـەک ڕازی بـوون بـە قەرەبـووی ماددیـی، پێیـان وابـوو وەرگرتنـی خوێنبایـی و بێدەنـگ بـوون لـە تۆڵەکردنـەوە شـەرمەزاریی بـە دوای خۆیـدا ئەهێنێـت. ئەبێـت بەدرێژایـی ژیـان باجیـی ئـەو شـەرمەزاریی و ریسـواییە بـدەن لەنـاو هـۆز و تیرەکانـدا! شـاعرێکی تـر بەهەمـان شـێوە هانیـی ئـەوە ئـەدات بـە خوێنبایـی ڕازیینەبـن، پەنـا بـۆ شمشـێر ببـەن، ئەگـەر تۆڵـەی (عمـرو) لـە (زیـد) نەسـتێننەوە ئـەوا وشـترەکانی (بنـی ربـاح) هەرنەبـن باشـترە.

الا لا تأخذوا لبناً ولكن أذيقوا قومكم حد السلاح

فإن لم تثأروا عمراً بزيد فلا درت لبون بني رياح(الرسام، ٢٠١٩، ص٧٦).

لێـرە دا شـاعیر بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ڕۆڵ ئەبینێـت؛ داوا لـە هۆزەکـەی ئـەکات خوێنبایـی وەرنەگـرن وەک قەرەبـووی دارایـی بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکـی و تاوانـەکان. بەکارهێنانـی وشـەی (لبناً) لێـرە دا ئاماژەیـە بـۆ شـتێک، کـە بـە ئاسـانی دەسـتئەکەوێت، بـەڵام قەرەبـووی زیانـە ڕاسـتەقینەکە ناکاتـەوە یـان شـکۆی لـە دەسـتچوو ناگەڕێنێتـەوە. بۆیـە هانیـی بەکارهێنانـی چـەك ئـەدات بـۆ تۆڵەکردنـەوە. لـە کلتـووری کۆنـی عەرەبـدا زۆرجـار پـارەی خوێـن بـە چارەسـەرێکی

دارایی بۆ کێشەکان دائەنرا، بەڵام ئەم چارەسەرە هەمیشە جێگەی ڕەزامەندی نەبوو بۆ خاوەن ماف (خوێن). بانگەوازی بەکارهێنانی چەک تیشک ئەخاتە سەر گرنگی وەڵامدانەوەی دەستبەجێ بۆ نا دادپەروەریی، بەو پێیەی تۆڵەسەندنەوە بە ئامرازێک دائەنرێت بۆ گەیشتن بە مافی راستەقینە و گەڕاندنەوەی ریز و شکۆ. چونکە رێز و شکۆ گرنگترین توخمەکانی ژیانی تاک و هۆزەکانن.

لە چوارچێوەی رۆشنبیریی دا ئەم دێرە شیعرانە رەنگدانەوەی بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە خێڵەکییەکانی عەرەبن، کە پشتیان بە رێز و شکۆ بەستووە، وەک بەها بنەڕەتییەکان، کە پێگەی تاک و هۆزەکانیان دیاریی ئەکرد. شاعیر لێرە دا تەنها تووڕەیی خۆی دەرنابڕێت، بەڵکو دەنگێک بۆ هەموو کۆمەڵگە بەرجەستە ئەکات، جەخت لەوە ئەکاتەوە، کە تۆڵەکردنەوە تاکە رێگایە بۆ پاراستنی ئەو بەهایانە. ئەو پێ یوایە گفتوگۆ و سازان (پارەی خوێن) بەس نییە بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری هۆزەکە. جەخت لەوە ئەکاتەوە تۆڵەسەندنەوەی راستەوخۆ تاکە رێگایە بۆ رزگاربوون لە شەرمەزاریی و مانەوەی هۆزەکەی بەسەر بەرزی لەنێو هۆزەکاندا، لەبەرئەوە شکۆ گرنگترین توخمە کە ئەبێت پارێزگاریی لێ بکرێت، گرنگ نییە دەرەنجامەکەی چییەو چۆن ئەبێت.

٣/ هۆکاری کۆمەڵایەتیی:

هۆکاری کۆمەڵایەتیی کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر دیاردەی تۆڵەکردنەوە، تۆڵەی کۆمەڵایەتیی چەمکێکە پەیوەستە بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کە تۆڵەی کەسیی یان خێزانیی لەخۆ ئەگرێت بۆ گەیشتن بە دادپەروەریی یان گەڕاندنەوەی شکۆ لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، شەڕی خوێن رێگایەک بوو بۆ گەڕاندنەوەی بەهای لەدەستچوو یان تۆڵەسەندنەوەی ئەو نا دادپەروەرییەی، کە بەرامبەر بە تاکێک یان هۆزێك کراوە. بەهۆی ئەو داب و نەریتە باوەی لە پێش ئیسلامدا هەبوو، هۆزێك ئەگەر تۆڵەی خۆی یان ئەندامێکی هۆزەکەی نەکاتەوە، کە زیانی پێ گەیەندراوە، ئەوە پێیان وابوو پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی و سیاسییان لە چاو هۆزەکانی تر دا دێتەخوارەوە و بەکەم تەماشا ئەکرێن، بۆیە بە هەر نرخێك بوایە هەوڵی تۆڵەکردنەوەیان ئەدایەوە، تەنانەت هەتا تۆڵەیان ئەکردەوە پۆشاکی جوانییان لەبەرنەئەکرد، بۆن (عطر)ییان بەکار نە ئەهێنا، خواردنی خۆشییان نە ئەخوارد و نزیکی ئافرەتەکانییان نە ئەبوونەوە و خۆیان نەئەشوشت، تا ئەوکاتەی بەتێگەیشتنی خۆیان ئەو سووکایەتییەی پێیانکراوە؛ لەسەرخۆیانی لا ئەبەن (المرزباني، ١٩٨٢، ص٢٧٤).

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەنابردنە بەر تۆڵەسەندنەوە بریتیی بوو لە دەمارگیریی هۆزایەتیی، هەر بۆیە بەرگرییان لەباش و خراپیی هۆزەکەیان ئەکرد، ئەگەر ستەمکاربێت یان ستەملێکراو (ابن سلمة، ١٣٨٠هـ، ص١٤٧؛ المیدانی، د.م، ٣٣٤/٢)، سەرخستنی ئەندامانی هۆز لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو، گرنگ نەبوو کێ لەسەر هەقە، کێ ستەمی کردووە و کێ ستەملێکراوە؟ کوێرانە پشتگیریان لە هۆزەکەیان ئەکرد، ئەگەر ئەندامێکی هۆزەکەیان ستەمی لێ کرابا، هەموو ئەندامانی هۆزەکە ئۆقرەیان نە ئەگرت، هەتا تۆڵەی بۆ ئەکەنەوە (ابن خلدون، ١٩٨٨، ص١٢٩). ئەو نموونانەی باسیان ئەکەین زۆربەیان پاڵنەرەکانیان دەمارگیریی هۆزایەتیی بوو، واتە هەوێنیی زۆربەی شەڕەکانیان بوو.

یەکێك لە گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بریتیی بوو لە پارێزگارییکردن لە شکۆی خێڵ و رەتکردنەوەی سووکایەتیی (اهانة). عەرەب گرنگییەکیی زۆریان بە پاریزگاریی کردنی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان داوە، لەم بوارەدا شتی زۆر بچووکیان بە بیانوو ئەگرت. یەکێك لەو شەڕانەی بەهۆی پارێزگارییکردن لە پێگەی خێڵ روویداوە و بۆ

ماوەی چل ساڵ بەردەوام بوو، شەڕی (البسوس) بوو، لە نێوان هۆزی (بکر) و (تغلب)دا، بەهۆی ئەوەی کەوا (کلیب) تیرێکی لە گوانی وشترەکەی بەسوس دا، کەبینیی لە پاوانەکەی ئەودا ئەلەوەڕێت، ئەوەی بە سووکایەتیی لێکدایەوە و هۆزی (بکر) بە هەمانشێوە بریندارکردنی ئاژەڵێکی هۆزەکەی بە سووکایەتییەکی گەورە ئەزانێت و یەکێك لە ئەندامانی ئەو هۆزە بەناوی (جساس بن مروة)، بۆ لابردنی ئەو سووکایەتییە (کلیب) ئەکوژێتەوە (ابن عبد ربە، ١٤٠٤هـ، ٧١/٦؛ النويري، ٢٠٠٤، ٣٠٤/١٥). هەروەها ڕووداوێکی نزیك لەوە، کە بریتیی بوو لەوەی (اسعد بن عمرو بن المنذر) یاریی بە گوانی وشتری (سوید بن عبد الله التمیمی) کردووە، ئەویش لە تۆڵەی ئەوەدا کوشتوویەتی و شەڕی (اوارة)ی دووەم لە نێوانیاندا بەرپابوو (ابن الاثير، ١٩٩٧، ٤٩٧/١-٤٩٧).

بابەتێکی زۆر سادە و ساکار بە سووکایەتیی بۆسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی هۆز لێکدراوەتەوە، ڕشتنیی خوێنی ئاژەڵێك و یارییکردن بەگوانی ئاژەڵێکی تریان هاوتای خوێنیی پیاوێك کرد و شەڕی خوێناویی درێژخایەنیان بەرپاکرد، بەپێی داب و نەریتیی ئەوکات بۆ لابردنی ئەو سووکایەتییەی ئەکەوتە سەریان بیریان لەلای ئەو باج و قوربانییە نەبوو، کە ئەبوو تەمەنێك تێچووەکەی ببژێرن.

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە بە سووکایەتیی بۆسەر پێگەی هۆز لێکدراوەتەوە و شەڕی خوێناویی بەدوایی خۆیدا هێناوە، بریتیی بوو لە پێشبڕکێی ئەسپسواریی، یەکێك لەو کۆبونەوە جەماوەریانە بریتیی بوو لە پێشبڕکیی ئەسپسواری لە نێوان دوو کەسایەتی لە هۆزی (عبس) و (ذبیان) لە نێوان ئەسپەکانی داحس(عبس) و الغبراء (ذبیان)دا ڕوویدا، هۆزی (ذبیان) فێڵییان کرد و بۆسەیان دانایەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرکەوتنی (داحس) بگرن و پێشبڕکێیەکە نەباتەوە، ئەوە بووە هۆی توڕەبوونی هۆزی (عبس) و هەوڵییاندا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، چونکە ئەوەیان بە سووکایەتیی بۆ پێگەی هۆزەکەیان دانا، ئەم ناکۆکییە سەریکێشا بۆ کوشتن و تۆڵەکردنەوەی درێژخایەن (الدينوري، ١٩٩٢، ٦٠٦/٢؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ٥٠٩/١).

وەك ئاماژەمان پێ دا، لە پێش ئیسلامدا تۆڵەکردنەوە لەلای عەرەب بابەتێك بوو نکۆڵی لێ ناکرێت، ئەبوو تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، چونکە ئەوان پێیان وابوو ئەوانەی تۆڵەی خۆیان ناکەنەوە و بێدەنگ ئەبن، لە نەنگی و شەرمەزارییەکیی بەردەوام دا ئەژیین و هۆزەکانی تر بە چاویی سووك سەیریان ئەکەن. ڕێز و شکۆ لە گرنگترین بابەت بوو لەلای عەرەب، هەر تۆمەتێکی فێڵکردن یان ناپاکیی بە سووکایەتیەکی گەورە دائەنرا و پێویستیی بە وەڵامدانەوەی خێرا و دەستبەجێ هەبوو؛ بۆ پاراستنی پێگەی خێڵەکە. تۆڵەسەندنەوەی شەڕی (داحس) و (الغبراء) و (اوارة)ی دووەم و ئەوانی تریش، نموونەی زیندوون، کە چۆن ململانێ بچووکەکان بە هۆی دابونەریتی خێڵەکییەوە ئەتوانن بگۆڕێن بۆ شەڕی خوێناویی درێژخایەن.

جار هەبووە، بەهۆی کوشتنی ئەندامی هۆزێك، ئەو هۆزە خەوو خۆراك و ژیانییان نەبووە، چونکە پێیان وابوو لە سووکایەتییەکی گەورەدا ئەژین. لەوانە (عصمة بن حدرة بن رباح اليربوعي) بەهۆی کوشتنی کوڕە مامەکەی لەلایەن (بنی عبس) لەسەر خۆی پێویستکرد عارەق نەخواتەوە و گۆشت نەخوات لە ئافرەت نزیك نەکەوێتەوە و خۆی نەشوات هەتا حەفتا پیاو لە (بنی عبس) ئەکوژێت؛ ئەوەبووە هۆی ڕوودانی شەڕی (الصرائم) کاتێك تۆڵەی خۆی کردەوە لە شەڕەکەدا؛ وتی:

الله قد أمكنني من عبس ... ساغ شرابي وشفيتُ نفسي

وكنت لا أقرب طهر عرسي ... وكنت لا أشرب فضل الكأس(المرزباني، ١٩٨٢، ص٢٧٤).

ئەوەیی تێبینیی ئەکرێت، کوشتنی ئەندامێکی خێڵەکە پێویستیی بە تۆڵەکردنەوەی دەستبەجێ هەبوو بۆ

پاراستنی شکۆی خێڵەکە. سوێندخواردن و لەسەرخۆ پێویستکردن و پابەندبوون بە لە خۆگرتنەکە؛ رەنگدانەوەی قووڵی پابەندبوونی عەرەبەکانە بە دابونەریتی خێڵەکییەوە. لەسەرخۆ پێویستکردنەکە(نذر) رێگایەک بوو بۆ نیشاندانیی سوربوون لەسەر کارەکە. (عصمت بن حدرة) دوایی ئەوەی تۆڵەی خۆی کردەوە، ئاسوودەیی خۆی دەربڕیی و گەڕایەوە بۆ ژیانی ئاسایی. ئەمەش ئەوە دەرئەخات، کە چۆن تۆڵەکردنەوە بە کۆتایی کارەساتێک و سەرەتای ژیانێکی نوێ دائەنرا لەلای عەرەب لە پێش ئیسلامدا.

پاڵنەرێکی دیکە بۆ روودانی شەڕی درێژخایەنی نێوان هۆزەکان، بریتیی بوو لە شانازییکردن و مشتومڕ لەسەر ئەوەی هۆز و سەرۆك هۆزی کامیان باشتر و چاکتر و مەرد ترە، بۆ نموونە مشتومڕی یەکێك لە هاوپەیمانەکانی (مالك بن عجلان السالمی) لەگەڵ پیاوێکی هۆزی غەتەفان روویدا لەسەر ئەوەی کێ رێزدارترین پیاوی (یثرب) ە؟ هەریەکەیان ئەیانووت: رێزدارترین پیاوی (یثرب) فلانی کوڕی فلانە، دەمەقاڵێ و شەڕ لە نێوانیاندا روویدا، کەسێك بەناوی سومەیر لە (بنو عمرو بن عوف) هەستا بە کوشتنی ئەوکەسەی بانگەشەی ئەوەی ئەکرد (مالك بن عجلان) رێزدارترین پیاوی (یثریب)ە.(ابن الاثیر، ١٩٩٧، ٥٨٦/١). (مالك بن عجلان) یەکێك بوو لە سەرکردەکانی هۆزی خەزرەج داوای کرد بکوژەکەی رادەست بکەن، بەڵام ئەوان پێشنیاری خوێنبایی(دیە)یان بۆکردن، (مالك بن عجلان) رەتییکردەوە، لەبەرئەوە شەڕی تۆڵەکردنەوە لە نێوانیاندا بەرپابوو، بە شەڕی (السمیر) ناسرا .(ابن الاثیر، ١٩٩٧، ٥٨٦/١). ئەمە رەنگدانەوەی هەستیاریی پرسەکانی پەیوەست بە گەورەدانان و پیرۆزکردنی کەسەکانە لە کۆمەڵگەی خێڵەکییدا، رووداوێکی لەو جۆرە بەس بوو بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و کوشتار. ئەو شەڕ و ململانێ و تۆڵەکردنەوەیە لە یەکتر درێژەی کێشا لە نێوانییاندا بە شەڕی (بعاث) کۆتایی هات شەش ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە (الذهبي، ١٩٩٣، ٢٠٧/٣؛ ابن کثیر، ١٩٨٨، ١١٦/٧).

هەروەها یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کە بە هۆیەوە تۆڵەکردنەوە و شەڕ هاتۆتەئاراوە بریتیی بوو لە بەزاندنی سنووری کۆمەڵایەتیی خێزان، بەهۆی ئەوەی پیاوێکی عەدنانی گەڵا مێوێکی لەڕەزی پیاوێکی قەحتانی لێ کردبووەوە، شەڕ و ململانێی نێوان عەدنانی و قەحتانییەکان بۆماوەی چەندیین ساڵ بەردەوام بوو (عەلی وەردی، ٢٠١٥، ل٦٤-٦٥). ئەم رووداوە رەنگدانەوەی ئەوەیە، کە چۆن کار و رەفتارە بچووکەکان لە چوارچێوەی دەمارگیریی خێڵەکییدا گەورە ئەکرێن و ئەبنە پاسا و بۆ ململانێ درێژخایەنەکان. ئەو دوژمنایەتییەی لە ئەنجامی ئەم رووداوە سادەیە دا درووست بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، لێ کردنەوەی گەڵایەك لە باخچەی پیاوێکی قەحتانی وەک پێشێلکردنی سنووری شکۆی خێڵەکە لێکدراوەتەوە و ئەبێت پارێزگاریی لێ بکات و لێی بێدەنگ نەبێت، بۆ ئەوەی دووچاری شەرمەزاری نەبنەوە لە ناو هۆزەکاندا، گرنگ نییە لابردنی ئەو شەرمەزارییە پێویستیی بەچ باجێکی مادديی و مرۆیی ئەبێت! گرنگ ئەوەیە نەکەونە بەر تانە و تەشەر و سووکایەتیی هۆزەکانی تر.

تەوەری سێیەم: هۆکار و پاڵنەری (ئابووریی و سیاسیی و ئایینی) بۆ تۆڵەسەندنەوە:

تۆڵەسەندنەوە بەشێک بوو لە سیستەمی خێڵەکیی عەرەبەکانی پێش ئیسلام ، بەو پێیەی کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسەر ژیانی سیاسیی و ئابووریی هەبوو. خێڵەکان تۆڵەسەندنەوەیان وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی سەرووەریی و گەڕاندنەوەی مافەکان بەکار ئەهێنا، ئەمەش بووبووە هۆی بەردەوام بوونی ناکۆکیی و ململانێکان و کاریگەریی لەسەر سەقامگیریی کۆمەڵگاکاندا هەبوو. لە روانگەی ئابوورییەوە، تۆڵەسەندنەوە بەشداری کرد لە کەمبوونەوەی سەرچاوە مرۆیی و مادییەکان، چونکە هۆزەکان پارە و سامانی بەرچاویان تەرخان ئەکرد بۆ چەکدارکردنی پیاوەکانیان بۆ شەڕکردن و بەرگرییکردن لە شکۆ و سەروەری و پێکهاتەی سیاسیی هۆزەکەیان. هەروەها تۆڵەسەندنەوە بووبووە

هـۆی سسـتیی بازرگانـی و تێکچوونـی چالاکیـی ئابووریـی، چونکـە کاروانـە بازرگانییـەکان مەترسـییان لەسـەر بـوو بەهـۆی ململانێکانـەوە، ئەمـەش وایکـرد تۆڵەسـەندنەوە ببێتـە هۆکارێکـی کاریگـەر بـۆ دارشـتنی شـێوازی ژیانـی ئابووریـی و سیاسـیی لـەو سـەردەمەدا. لەپـاڵ ئـەو هۆکارانـەی لـە سـەرووتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد، ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوەش رۆڵـی گرنگیـان هەبـوو، لەوانـە:

### ١/ هۆکاری ئابووریی:

یەکێکـی تـر لـەو هۆکارانـەی، کـە پاڵنەرێکـی گرنـگ بـوو بـۆ تۆڵەسـەندنەوە، هـۆکاری ئابووریـی بـوو. دیـارە لایەنـی ئابووریـی رۆڵێکـی سـەرەکیی ئەگێرێـت لـە دارشـتنی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و دەستنیشـانکردن و دابەشـکردنی سـەرچاوەکاندا، ئەمـەش وایکـردووە ببێتـە بزوێنەرێکـی سـەرەکیی ناکۆکـی و ململانێـکان، زۆرجـار بۆتـە زنجیرەیـەك شـەڕ و ململانـێ و تۆڵەکردنـەوەی درێژخایـەن. بەتایبەتـی عـەرەب لـە پێـش ئیسـلامدا زۆر پشـتیان بـە سـەرچاوە سـنووردارەکانی وەک ئـاو و لەوەڕگـە ئەبەسـت، کێبڕکـێ لەسـەر ئـەو سـەرچاوانە، ناکۆکـی و ململانێـی و تۆڵەسـەندنەوەی لـێ ئەکەوتـەوە. لەبەرئـەوەی لـە زۆربـەی کاتەکانـدا لەوەرگاکانـی بیابـان کـەم و وشـك بـوون، پێویسـتی دانیشـتوانی دابیـن نـە ئەکـرد، کـە بـەردەوام لـە زیادبـوون دابـوون، کۆچەرییـەکان نـەوە لـە دوای نـەوە ژمارەیـان زیـاد ئەبـوو؛ کەچیـی لەوەرگاکانییـان وەك خـۆی بـوو، لەبەرئـەوەی پشـتی بـە بـاران ئەبەسـت و بارانیـش لەبیابـان کـەم و دەگمەنـە. بـەم شـێوەیە بارودۆخەکـە نـا سـەقامیگیر ئەبێـت، ئەبێتـە هـۆی درووسـت بوونـی کوشـتن و تۆڵەکردنـەوە لـە نێـوان دانیشـتوانی بیابانـدا (عەلـی وەردی، ٢٠٢٠، ل٥٨-٥٩).

ئـەو شـەڕ و جەنگانـە زۆرن لـە مێـژووی عەرەبیـی پێـش ئیسـلامدا، بەهـۆکاری ئابووریـی روویانـداوە و شـەڕی درێژخایەنـی لـێ کەوتۆتـەوە، بەهـۆی تۆڵەکردنـەوە ململانێکانـی نێوانییـان بـەردەوام بـووە. ئـەو هـۆکارە ئابوورییانـەی، کـە پەیوەندیـان بـە زەویـی و زارەوە هەبـوو کاریگەریـی لەسـەر دیـاردەی تۆڵەکردنـەوە هەبـوو. وەك ئـەو شـەڕانەیی لـە نێـوان ئـەوس و خـەزرەج لـە (یـثرب)دا روویانـدا، شـەڕی نێـوان ئـەم دوو هـۆزە عەرەبییـە بـە هـۆکاری ئابووریـی و سیاسـیی بـوون، خـەزرەج ناوەندیـی بڕیاردانـی لـە (یـثرب) گرتەدەسـت، ئـەوس دەسـتی بەسـەر زەوییـە زۆر بـە پیتەکانـی هـۆزی خـەزرەج داگرتبـوو؛ ئەمـەش هۆکاربـوو بۆئـەوەی دەستبەسـەر ئابووریـی (یـثرب) دابگـرن. لەبەرئـەوە شـەڕی ئابووریـی و داگیرکـردن و پاوانکردنـی زەویـی هۆکارێـك بـوو بـۆ ئـەوەی هێـرش بکەنـە سـەر یەکـتر و شـەڕ و کێشـە و ململانـێ و تۆڵەکردنـەوە لـە نێوانیانـدا بـەردەوام بێت(بـرو، ١٩٩٦، ص١٨٩).

هـەر بەهـۆی دەستبەسـەرداگرتنی زەویـی و زار، سـەقەفییەکان سـەرزەمینی پرخێـر و بێـری عەمرییەکانیـان بینـی، داوایـان لـێ کـردن بەوانـی بسـپێرن بـۆ ئـەوەی بەنیوەیـی ئاوەدانـی بکەنـەوە؛ بەبـێ ئـەوەی ئـەوان هییـچ پارەیـەك خـەرج بکـەن، بـەڵام کاتێـك سـەقەفییەکان زۆربـوون و بەهێـز بـوون، دیوارێکیـان بـە دەوری (طائـف) و قـەڵای بەهێزیـان تێـدا درووسـتکرد، ئـەوەی ئەیانـدا بە(عەمر)ییـەکان چییـتر پێیـان نـەدان. ئـەوەش بـووە هـۆی شـەڕ و تۆڵەکردنـەوە لـە نێـوان (احـلاف) و (بنـی مالـك)، بـۆ گێرانـەوەی موڵـك و ماڵـی زەوتکراویـان (ابـن الاثـیر، ١٩٩٧، ٦٠٤/١-٦٠٥). هەروەهـا شـەڕی (البیضـاء) لـە ئەنجامـی دەسـت بەسـەرداگرتنی زەویـی و زار سـەریهەڵدا، هـۆزە قەحتانییـەکان لـە یەمەنـەوە بـەرەو باکـوور هاتـن و رووبەرێکـی فراوانـی زەویـی دەشـتی (تهامة)یـان داگیرکـرد، هـۆزە عەدنانییـەکان نارازیبـوون لەگـەڵ ئـەم هـۆزە پێکییانـدادا، هـۆزی (عـدوان) رووبەڕوویـان بونـەوە و هێرشـییانکردە سـەریان، ئـەو هۆزانـەی لـە یەمـەن هاتبـوون و لـە (البیضـاء) بەسـەریاندا سـەرکەوتن (عـلي، ٢٠٠١، ١٠/١٧-١٨).

هەرچیی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هۆزی (بکر بن وائل)ە، بەهەمان شێوە دووچاری وشکە ساڵی هات، ناچاربوون کۆچ بکەن بۆ زەوییەکانی (بنی تميم)، شەڕ و کێشە و ململانێ لە نێوانییان روویدا، ژمارەکی زۆر لە هەردوولا کوژران، ژمارەیەکی زۆریان بە دیلگیرا و دەستبەسەر ماڵ وسامانیان دا گیرا (ابن عبد ربە، ١٤٠٤هـ ٦٢/٦؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ٥٤٠/١-٥٤١). لە شەڕی (یوم الزّويرين)دا کەوتنە ململانێ و تۆڵەکردنەوە لەیەکتریی (ابن عبد ربە، ١٤٠٤هـ ٦٢/٦-٦٣؛ ؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ٥٤٠/١-٥٤٢). ئەم شەڕ و پێکدانانەی تۆڵەسەندنەوە ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە تۆڵەسەندنەوەکە یەک رووداو نەبوو، بەڵکو زنجیرەیەک دوژمنایەتی بەردەوام بووە. هەر لایەنێک لە کاتی رووبەڕووبوونەوە دا موڵکی لایەنی بەرامبەری ئەگرت، ئەمەش سووڕی تۆڵەسەندنەوە و دوژمنایەتی یەکتری زیاد ئەکرد.

جگە لە دەست بەسەرداگرتنی زەویی و زار، هۆکارێکی تری ئابووریی شەڕ و ململانێ و تۆڵەکردنەوەی نێوان هۆزەکان بریتیی بوو لە هەڕەشە و رێگریی کردن لە کاروانە بازرگانییەکان. لەبەرئەوەی کاروانە بازرگانییەکان هەتا ئەگەیشتە شوێنی مەبەست چەندیین ناوچە و هۆزی ئەبڕیی، ئەم کاروانانە هەندێکجار رووبەڕووی هێرش و پەلاماردان و رێگریی کردن ئەبوونەوە، وەك ئەوەی کاتێك (باذام) فەرماندار و نوێنەری (کیسرا)، لە(یەمەن)هوە کاروانێکی پڕ لە سامان و دیاریی بۆ (کیسرا) ئەنێرێت، کاتێك کاروانەکە گەیشتۆتە (نطاع) لەسەر زەمینی (نجد)، ژمارەیەك لە (بنی تميم) هێرشیانکردە سەرکاروانەکە و تاڵانییانکرد و بەشێك لە پاسەوانەکانی (کیسرا)یان کوشت. کاتێك بەمەیانزانیی بڕیار ئەدەن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و هێرشێکی گەورە ئەکەنە سەریان و شەڕێکی قورس لە نێوانیان دا رووئەدات، ئەو شەڕە بە (یوم الصفقة) ناسراوە (ابو الفرج الاصفهاني، د.م، ٣١٨/١٧- ٣١٩؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ١/ ٥٥٥). بە هەمان شێوە (نعمان بن منذر) کاروانێکی بازرگانیی نارد بۆ بازاڕی (عکاظ)، (بنی عامر) هێرشیان کردە سەر ئەو کاروانە بازرگانییە و تاڵانیان کرد، ئەوەبوو (بنی عامر) هێز و جەنگاوەریان کۆکردەوە بۆ ئەوەی تۆڵەیان لێ بکەنەوە، شەڕ و پێکدادان لە نێوانیاندا روویدا بە (یوم سلان) ناسرا (ابن الاثير، ١٩٩٧، ٥٧٠/١- ٥٧١).

هەروەها بەهۆی ستەمکردن لە بازرگانێکی (یەمەن)ی لە مەککە، یەکێك لە پیاوماقووڵانی قورەیش بەناوی (العاص بن وائل) شمەکەکانی لێ ئەکرێت، بەڵام پارەیی ناداتێ (ابو ربيع الكلاغي، ١٤٢٠هـ ٦١/١)، بازرگانەکە پەنای بردە بەر خەڵکی مەککە و داوای لێ کردن مافەکەی بۆ وەربگرنەوە، ئەوە بوو گەورەکانی قورەیش لە ماڵی (عبد الله بن جدعان) کۆبوونەوە، پەیمانێکیان لە نێوان خۆیان دا مۆرکرد بەناوی (حلف الفضول) بۆ پشتگیری کردن لە ستەملێکراو (ابن هشام، ١٩٥٥، ١٣٤/١-١٣٥)، تۆڵەکردنەوەکە بریتیی بوو لە ناچارکردنی ستەمکار و گێڕانەوەی مافی بازرگانەکە (ابن حبيب، ١٩٨٥، ٥٤/١؛ الفاسي، ٢٠٠٠، ١٢٠/٢). کاروانە بازرگانییەکان زۆرجار رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیی پەلاماردان و تاڵان کردن ئەبوونەوە، لەبەرئەوە زۆربەی کاتەکان لە مانگە حەرامەکان دا کاروانەکانیان بەڕێ ئەکرد. بەڵام خەڵکی واش هەبوو رێزی ئەو مانگانەی نەئەگرت و لەسەر تاڵانیی خۆی بەردەوام بوو (اليعقوبي، ١٩٦٤، ٢٤٠/١). ئەوەتا (نعمان بن منذر) ساڵانە کاروانێکی بازرگانی ئەنارد بۆ بازاڕی (عکاظ)، (عروة الرحال) ئەم کاروانەی بەکرێ گرتبوو، ئەمەش بووە هۆی تورەکرنی (البراض بن قيس بن رافع الكناني) لە هۆزی (کنانة)، چونکە لە پێشتر ئەو داوی کرد بوو ئەو کاروانە بەکرێ بگرێت، ئەمەش وایکرد پەلاماری ئەو کاروانە بدات و (عروة الرحال) بکوژێت و دەستی بەسەر شمەکەکان داگرت، قورەیش لەم کارەدا پشتگیریی (کنانة)ی کرد، کاتێك هۆزی (هوازن) بە کارەکەیان زانی هێرشیان کردە سەر هۆزی (کنانة) و قورەیشی هاوپەیمانی بۆ تۆڵەوەرگرتنەوە لەو دەستدرێژییە و شەڕێك لە نێوانیاندا رویدا، کە بە شەڕی (فجار) ناسرا (ابن

هشام، ١٩٥٥، ١/١٨٤- ١٨٥؛ السهيلي، ٢٠٠٠، ٢/٢٢٩- ٢٣٠). بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو (ابو الفرج الاصفهاني، د.م، ٥٨/١٧). ئەوەی شایەنی باسە (محمد) پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر (ﷺ) هەم لە (حلف فضول) هەم لە شەڕی فجار دا بەشداریی کردووە بۆ گێرانەوەی مافی ستەملێکرا و تۆڵەکردنەوە لە ستەمکار (ابن هشام، ١٩٥٥، ١/ ١٣٤و١٨٤؛ السهيلي، ٢٠٠٠، ٢/ ٥١و ١٤٧).

لەگەڵ ئەوانەشدا، گرەوکردن لەسەر ماڵ یەکێك بوو لە هۆکارە ئابوورییەکان، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ و ململانێ و تۆڵەکردنەوە. شەڕەکانی نێوان عەرەب هەریەکەیان چەند هۆکارێکی هەبوو، واتە هۆکارەکان فرە رەهەند بوون، بۆ نموونە یەکێك لە هۆکارەکانی تۆڵەکردنەوەی شەڕی (داحس و الغبراء) لە پاڵ هۆکارەکانی تر، ئابووریی بوو، لەبەرئەوەی پێشبڕکێی ئەسپسواریی لە نێوان (داحس و الغبراء) گرەو بوو لەسەر بیست وشتر (الدينوري، ١٩٩٢، ص٦٠٦؛ اليوسى، ١٩٨١، ١/ ٣١٨) ، بەڵام کاتێك فێڵ کەوتە ناو پێشبڕکێکەوە، ئیتر زنجیرەیەك شەڕ و تۆڵەکردنەوە کەوتە نێوانییان و بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو. راستە هۆکاری راستەوخۆیی شەڕەکە فێڵ کردن بوو، بەڵام پاڵنەرە ئابوورییەکەش هۆکارێکی گرنگ بوو، کە بیست وشتر بەو ئاسانییە و لەسەر بنەمای فێڵ تەسلیمی بەرامبەر بکەن.

### ٢/ هۆکاری سیاسیی:

ژیانی سیاسیی عەرەب لە پێش ئیسلامدا پڕ بوو لە ململانێ و ئاڵۆزیی سیاسیی و شەڕی درێژخایەن و تۆڵەسەندنەوە، بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی کەوا بەڕێوەبردنی تێکڕای وڵات لە ئەستۆ بگرێت. عەرەب لە پێش ئیسلامدا جگە لە هۆز ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نەبوون، لەبەرئەوەی بنەمای ملکەچیی لە دەمارگیریی هۆزایەتیی ئەبینییەوە، کە لەسەر پەیوەندیی خوێن بونیاتنرا بوو، نیشانەی رێکخستنی سیاسیی بوو لەلایان، بە شێوەیەك هۆز تاکە حوکومەت بوو، کە عەرەب پابەند بوو پێیەوە، هیچ هێزێکی تری لە سەرووی هۆز نە ئەناسیی (علی، ٢٠٠١، ٣١٤/٧؛ وات، د.م، ص٤٢). ئەگەر کەسێکی بیابانشین سەر بە هۆزێکی بەهێز نەبوایە رووبەرووی لە ناوچوون ئەبووەوە، هەرچەندە خۆیشیی ئازا و بەهێز بوایە (عەلی وەردی، ٢٠٢٠، ل٦٠). تاکی بیابانشین زۆرجار پشتی بە ئازایی و هێزی خۆی ئەبەست، بەڵام ئەوە بەس نەبوو، ئەو لە رێگای بیابان رووبەرووی مەترسیی ئەبووەوە، بە تەنیا نەیئەتوانی خۆی رزگار بکات، هۆزی بەهێز تاکەکانی هۆزەکەی ئەپاراست بۆ هەرکوێیەك بچووبوونایە، ئەو هۆزە هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی ئەکرد ئەگەر یەکێکیان هێرشی بکرایەتە سەر. ئەگەر کەسێك بەدەستی تاکی هۆزێکی تر کوژرابوایە، ئەوا هۆزی کەسە کوژراوەکە داوای تۆڵەی ئەکرد، ئەگەر نەیتوانیایە بکوژەکە بکوژێتەوە، کەسێکی تری لەهۆزەکە ئەکوشت لە تۆڵەی کەسە کوژراوەکەیان (عەلی وەردی، ٢٠٢٠، ل٦١- ٦٢). لەبەرئەوە هۆزە بچووك و لاوازەکان لە پێناو پارێزگاری لە خۆیان و بەهێزکردنی پلەو پێگەیان، لەگەڵ خێڵە گەورەکاندا دەبوونە هاوپەیمان (الملاح، ١٩٧١، ص٥٣). بچووکترین بیانوو بەس بوو، بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و ململانێ؛ ئەگەر پێچەوانەی ئەو داب و نەریتە ش بێت، کە لەو سەردەمەدا باو بوو.

هۆکاری شەڕ و ململانێ و تۆڵەکردنەوەی سیاسیی لە نێوان دووبرا (شرحبيل بن الحارث) و (سلمه بن الحارث)، لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات و شوێنگرتنەوەی پاشایەتی باوکیان(الحارث بن عمرو) بوو ، هەردووکیان ئاواتەخوازی ئەوە بوون، کە دەسەڵاتی تەواو بەسەر موڵک و ماڵی باوکیاندا بەدەستبهێنن و فەرمانڕەوایی هۆزەکەیان بکەن، ئەم رکابەرییە بووە هۆی رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی، چونکە هەریەکەیان هەوڵیدەدا کاریگەریی و سەربەخۆیی خۆی

دووپـات بکاتــەوە، لــە شــەڕی (کلاب الاول)دا رووبــەڕووی یەکــتر بوونــەوە شــەڕەکە بەســەرکەوتنی (سـلمە) و کوڕانــی (شرحبیـل) کۆتایـی هـات (الیعقوبـی، ١٩٦٤، ١/ ١٩٦). ئـەوە ئەبێتـە هـۆی شـەڕ و پەنابردنـە بـەر تۆڵەکردنـەوە لـە نێـوان کـوڕ و نەوەکانــی.

یەکێکـی تـر لـە هۆکارەکانـی تۆڵەسـەندنەوەی نێـوان (بنـو یربـوع) و (نعـمان بـن المنـذر) لەسـەر پلـە و پۆسـتی سیاسـیی بــوو. لەپێــش ئیســلامدا (الردافــة) وەك وەزارەت وابــوو، کاتێــك (نعــمان بــن المنــذر) هــەوڵ ئــەدات بیداتــە کەســێك، ناکۆکییەکـی گـەورەی لـێ کەوتـەوە. ئەمـەش ئـەوە دەرئەخـات چـۆن پرسـەکانی دەسـەڵات ئەتوانـن ببنـە هـۆی لەکارخسـتنی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتییـەکان و هەڵگیرسـانی ململانێـی سیاسـیی. (بنـی یربـوع) سـووربوون لەسـەر وەرگرتنـی ئـەو پۆسـتە و رەتیــان کــردەوە دەســتبەرداربین، بەرامبەریــش ئامادەنەبــوون ئــەو پۆســتەیان رادەســت بکــەن، ئەوەبــوو (بنــو یربــوع) شــەڕکەرەکانیان ئامادەکــرد بــۆ وەرگرتنــەوە و گێرانەوەیــی ئــەو پۆســتە، چونکــە بــە مافــی خۆیــان ئەزانــی. هەوڵــی تۆڵەکردنـەوە و شـەڕ لـە نێوانیانـدا بەرپابـوو، ئـەو شـەڕە بـە (یـوم طخفـة) نـاسرا (ابـن الاثـیر، ١٩٩٧، ٥٧٨/١- ٥٧٩).

لەگــەڵ ئەوەشــدا، هەندێــك لــە شــەڕەکانی عــەرەب (ایــام العــرب) فــرە رەهەنــد بــوون، وەك پێشــتر ئاماژەمــان پێــدا، جگـە لـە هۆکاریـی ئابووریـی، جەنگـی (البسـوس) رەهەنـد و پاڵنەریـی سیاسییشـی هەبـوو؛ لـە باسـەکانی سـەرووتر باسـی شــەڕی (البســوس)مان کــرد، وتمــان هــۆکاری راســتەوخۆی شــەڕی (البســوس) بریتیــی بــوو لــە ســەپاندنی ئیــرادە و هێــز و دەسـەڵات لـە ناوچەکـەدا. لـە شـەڕی (البسـوس)دا رەهەنـدی سیاسـیی لـە ململانێـی دەسـەڵات و هەژموونـی نێـوان هـۆزی (بکـر) و (تغلـب) دا بـە روونـی دیـارە. ئـەو ململانێیـە تەنیـا لەسـەر تۆڵەسـەندنەوەی کەسـیی یـان خێڵەکیـی نەبـوو، بەڵکـو درێژبــووەوە بــۆ بەهێزکردنــی هەژموونــی سیاســیی و دووبــارە دارشــتنەوەی هاوســەنگی هێــز لــە ناوچەکــە دا (ابــن الاثــیر، ١٩٩٧، ١/ ٤٧٢- ٤٧٥). شـەڕی (البسـوس) نموونەیەکـی سەرنجراکێشـە، کـە چـۆن ململانێـی خێڵەکیـی ئەتوانێـت بگۆڕرێـت بـۆ ململانێـی سیاسـیی، کـە تیایـدا هـۆزەکان هەوڵـی چەسـپاندنی هەژموونـی خۆیـان و لاوازکردنـی نەیارەکانیـان ئـەدەن، ئەمــەش گوزارشــتە لــە گرنگــی دەســەڵات و کاریگەریــی لــە پێکهاتــەی کۆمەڵگــەی عەرەبــی پێــش ئیســلامدا. هەروەهــا ناوبانــگ و پێگەیــی دیــار و بەرچاویــی (کلیــب بــن ربیعــة) کاریگەرییەکــی گــەورەی لەســەر سروشــتی تۆڵەســەندنەوە هەبـوو. تۆڵەکردنـەوە پەیوەسـت بـووە بـە رێـز و شـکۆ، تـا پێگـەی کوژراوەکـە بەرزتربێـت، داواکاریـی تۆڵەسـەندنەوە زیاتـر ئەبێـت. کوشـتنی کەسـایەتییەکی گـەورەی وەک (کلیـب)، کـە سـەرۆکی هـۆزی (تغلـب) بـوو، نوێنەرایەتـی هێـمای دەسـەڵات و سـەروەریی ئەکـرد، داوای تۆڵەسـەندنەوەیەکی هاوتـا و هاوشـانیی پێگـەی (کلیب)یـان ئەکـرد، ئەمـەش مانـای وایـە هۆزەکـە بـە کوشـتنی کەسـێکی سـادە رازی نـا بێـت، بەڵکـو کار بـۆ تۆڵەسـەندنەوەیەکی گەورەتـر و کاریگەرتـر ئـەکات. لەبەرئـەوەی پێگـەی (کلیـب) هێنـدە بەرزبـوو لـە نـاو عەرەبـدا بـە نموونـە ئەهێنرایـەوە، ئەوتـرا (اعـز مـن کلیـب وائـل) (ابـن سـلام، ١٩٨٠، ص٣٦٢؛ الجاحـظ، ١٤٢٤هــ ٢١١/١؛ الدینـوري، ١٩٩٢، ص٩٦؛ ابـن سـلمة، ١٣٨٠هــ ص٩٣؛ ابـن عبـد ربـه، ١٤٠٤هــ ٣١٠/٣). ئـەوەی شـایەنی باسـە عـەرەب لـە پێـش ئیسـلامدا بـۆ تۆڵـەی کوژرانـی گەورەکانیـان بـە تۆڵەکردنـەوەی ئاسـایی رازی نـە ئەبـوون، یـان ئەبـوو کەسـێکی هاوشـانیی بکوژنـەوە، یـان پەنایـان بـۆ کوشـتنی کۆمەڵێـك کـەس ئەبـرد، بـۆ ئـەوەی هاوتـای کوژراوەکـەی خۆیـان بێـت.

یەکێکــی تــر لــە هۆکارەکانــی تۆڵەســەندنەوەی نێــوان هــۆزە عەرەبییەکانــی (غساســنة) و (المنــاذرة) بریتیــی بــوو لەدەســت تێوەردانــی دەرەکیــی، هــۆکاری شــەڕ و تۆڵەســەندنەوەی نێــوان هــەردوولا ئەگەڕێتــەوە بــۆ لایەنگیریــی (المنـاذرة) بـۆ فارسـەکان لـە دژی رۆمـەکان و (غساسـنة)ی لایەنگریـی رۆمـەکان. شـەڕ و تۆڵـە و دوژمنداریـی گواسـترایەوە بـۆ هێـزە دروووسـتکراوە عەرەبییەکانییـان، کاتێـك (غساسـنة)کان بەسـەر (المناذرة)کانـدا سـەرکەوتن لـە شـەڕی (عیـن

اباغ)دا توانیان (المنذر بن ماء السماء) پاشای (الحيرة) لە ساڵی (٥٥٤ز)) بکوژن (محمود، د.م، ص٧٦- ٧٧) ، کوڕەکەی شوێنی گرتەوە، کە بە (الاسود) ناسراوە، هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەر بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی باوکی. لە شەڕی (مرج حليمة) گەیشت بە (الحارث بن جبلة) و شوێنکەوتووانی کاتێك شەڕ لە نێوان هەردولا دا روویدا غەساسنە سەرکەوتن و (المنذر بن المنذر) پاشای حیرە کوژرا و بەشی زۆری لایەنگرانی بە دیل گیران و ئەوانەی رزگاریان بوو؛ هەڵاتن (ابن الاثير، ١٩٩٧، ٤٨٨/١- ٤٨٩؛ محمود، د.م، ص٧٦؛ نولدكة، ١٩٣٣، ص١٩).

کەواتە ئەتوانین بڵێین: هۆکاری سیاسیی رۆڵێکی گرنگی هەبوو لەسەر دیاردەی تۆڵەسەندنەوە لە نێوان هۆزەکاندا، زۆرجار هۆکارەکانی تریش رەهەندێکی سیاسیی وەرئەگرت و کێشەکان لە قەبارەی خۆی گەورەتر ئەکران و تۆڵەسەندنەوەکان پێی ئەنایە قۆناغێکی ترەوە.

### ٣/ هۆکاری ئایینی:

هۆکاری ئایینی یەکێکی تر بوو لەو هۆکارانەی کەم و زۆر کاریگەریی هەبوو لەسەر دیاردەی تۆڵەسەندنەوە، بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگەی عەرەبیی پێش ئیسلام تۆڵەسەندنەوە بە ئەرکێک دائەنرا، ئەبوو جێبەجێ بکرێت بۆ هاوسەنگ کردنی ئەو لاسەنگییەی، کە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە لاسەنگ بووە. لەهەمانکاتدا؛ لە ئایینی ئیسلامدا تۆڵەسەندنەوە وەک درێژکراوەی دادپەروەریی خوایی سەیرکراوە. هەروەکو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَقۡتُلُواْ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۗ وَمَن قُتِلَ مَظۡلُومٗا فَقَدۡ جَعَلۡنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلۡطَٰنٗا فَلَا يُسۡرِف فِّي ٱلۡقَتۡلِۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورٗا﴾ (سورة الاسرى، الاية ٣٣). کاتێک تاوانێک ئەنجام ئەدرێت، تۆڵەکردنەوە بە ئامرازێک دائەنرێت بۆ بەدەستهێنانی مافی ستەملێکراو. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئیسلامدا هانی لێبوردەیی و ئاشتەوایی دراوە، لە هەندێك کاتدا لێ خۆشبوون بە کەفارەتی گوناهـ دانراوە (سيد قطب، ١٤١٢هـ ٢/ ٨٨٩؛ صافي، ١٤١٨هـ ٦/ ٣٦٥) .

سەرەڕای ئەوەی بەشێك لەشەڕ و جەنگەکان هۆکاری (ئایین)یان لەپشت بووە. بۆ نموونە: داستانی فیل یەکێك بوو لەو هەڵمەتانەی بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە کرایە سەر شاری مەککە، کاتێك پاشایەتی ئەبرەهە درێژەی کێشا، دەستی بەسەر تەواوی یەمەن داگرت، لە شاری (صنعاء) کڵێسەیەکی دروست کرد بەناوی (قلّيس)، نەجاشی ئاگادارکردەوە، کە دەست هەڵناگرێت تا رووی هەموو حاجییانی عەرەب نەکاتە کڵێسەی قلّيس (الكلبي، ٢٠٠٠، ص٤٦- ٤٧؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ١/ ٤٠٢؛ ابن كثير، ١٩٨٨، ٢/ ٢١١). کاتێك عەرەبەکان ئەمەیان بیست یەکێك لە پیاوەکانی (بني فقيم) توڕەبوو، چووە ناو کڵێسەکە و پیسایی تێداکرد (الكلبي، ٢٠٠٠، ص٤٦- ٤٧؛ الطبري، ٢٠٠٠، ٢٤/ ٦١٠). ئەبرەهەیان لەم کارە ئاگادار کردەوە، لەبەرئەوەی نیازیی ئەوەت هەیە، وا حاجییان بکەی رووبکەنە (قلّيس)، پیاوێك لە عەرەبەکانی مەککە کڵێسەکەی پیسکرد. ئەبرەهە توڕەبوو سوێندی خوارد ئەچێتە مەککە و کەعبە وێران ئەکات و تۆڵەی خۆی ئەکاتەوە (الطبري، ١٤٠٧هـ ٤٤٠/٣؛ ١٩٩٢، ٢/ ١٢٢).

لە رووکەشدا ئەبرەهە بەمەبەستی ئایینی هێرشی کردە سەر شاری مەککە، واتە بیانووەکەی ئایینی بوو، بۆ تۆڵەکردنەوە لە پیسکردنی کڵێسەی قلّيس، بەڵام ئەتوانین بڵێین زیاتر ئامانجێکی ئابووریی لەپشت ئەو هەڵمەتەوە بوو. خەڵکەکەش هیچ بەرگرییەکییان نەکرد، تەنانەت (عبدالطلب) بۆ داواکردنی وشترەکانی سەردانی ئەبرەهەی کرد، وتی: (خوا بۆخۆی ماڵی خۆی ئەپارێزێت) (ابن هشام، ١٩٥٥، ٥٠/١؛ ابن خلدون، ١٩٨٨، ٢/ ٧٢). ئەو داستانە لە قورئان دا تۆمارکراوە، هەر وەك خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ١ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ فِي تَضۡلِيلٖ ٢ وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ٣ تَرۡمِيهِم بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ ٤ فَجَعَلَهُمۡ

كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ ٥﴾ (سـورة الفيـل، الايـة ١-٥).

یەكێكـی تـر لـە هـۆكارەكان بریتیـی بـوو لـە نەبوونـی ئایینێكـی یەكگرتـووی گشـتگیر كاریگەریـی لەسـەر رەفتـار و ئـاكاری عەرەبـەكان هەبێـت و هاندەربێـت بـۆ خۆبەدوورگرتـن لـە خراپـە، ئاییـن رۆڵێكـی سـەرەكی ئەگێڕێـت لـەوەی مـرۆڤ ئـەرزش بـۆ كاروكردەوەكانـی دابنـێ، هەسـت بـە چاودێـری خوایـی بـكات لـە هـەر كارێـك، كـە ئەیـكات (حسـن، ٢٠١٣، ص١٢٩). ئـەوە یەكێكـە لەخاڵـە گرنگـەكان، نەبوونـی ئایینێـك كـە مـرۆڤ ئاراسـتەبكات و بیكاتـە چاودێـر بەسـەرخۆیەوە، لـە هەمـوو شـوێنێك هەسـتبكات چاودێرێـك هەیـە بەسەرسـەریەوەیە و ئەیبینێـت، هەركارێـك بـكات لەسـنوور و ڕێنماییەكانـی ئـەو ئایینـە بەدەربێـت لەسـەری سـزا ئەدرێـت. ئەگـەر تەماشـابكەین ئیسـلام ئـەو ئایینەیـە كـە مرۆڤـی پابەنـد پێیـەوە لـە زۆر تـاوان و دەسـتدرێژی و خواردنـی ماڵـی كەسـانی تـر بـە نـاڕەوا دوورئەكاتـەوە، مرۆڤـی موسـڵمان زۆرجـار بەتەنیـا و دوور لـە چـاوی هەمـوو بوونەوەرێـك زۆر شـتی حـەرام و نـاڕەوای بـۆ ئەرەخسـێت، بـەڵام ئەنجامـی نـادات، چونكـە ئەزانێـت خوایـەك ئـاگادارە بـە هەمـوو پەنهانییەكانـی و لـێ پێچینـەوەی لەگـەڵ ئـەكات، ئـەو هێـزە مەعنەوییـە كاریگەریـی زۆر گـەورەی ئەبێـت، بـەڵام ئەگـەر سـەیربكەین هییـچ كام لـەو ئایینانـە لـەو رۆژگارەدا ئـەو هێزەیـان نەبـووە مـرۆڤ پابەندبـكات و بیكاتـە چاودێـر بەسـەرخۆیەوە.

هەرچیـی سـەبارەت بـە شـاری مەككـە یـە، لەبـەر بوونـی كەعبـە و لایەنـە ئایینییەكـەی پێگەیەكـی تایبەتیـی هەبـوو، زۆربـەی هـۆزە عەرەبییـەكان بەچـاوی رێـز و شـكۆمەندییەوە تەماشـای مەككـە یـان ئەكـرد، لـە رواڵەتەكانـی ئـەو رێزگرتنـەش ئـەوە بـوو عەرەبـەكان رێگەیـان بەخۆیـان نـە ئـەدا لەسـەر خاكـی مەككـە جەنـگ و كوشـتار و راوی ئـاژەڵ بكـەن و دارودرەخـت ببڕنـەوە، بـەم جـۆرە مەككـە شارێكی هێمـن و ئـارام بـوو، بـۆ هەمـوو ئەوانـەی لـەو شـارەدا بـوون یـان سـەردانی شـارەكەیان ئەكـرد (الملاح، ١٩٧١، ص٢٨٧). ئەكرێـت یەكێكـی تـر لەهـۆكارەكان بـۆ پێشكەشـكردنی ئـەو خزمەتگوزاریانـە بگەڕێتـەوە كـە پێشكەشـی حاجییانییـان ئەكـرد، لەبەرئـەوە عـەرەب بەچـاوی رێـز و شـكۆ وە تەماشـای هـۆزی قورەیشـییان ئەكـرد، بـە خۆشەویسـتی خـوا و ماڵەكەیـان ئەزانین(الثعالبـي، د.م، ص١٥). وەكـو ئاماژەمـان بۆكـرد مەككـە لـە پێـش ئیسـلام پێگەیەكـی گـەورە و پیرۆزیـی لـە نێـو هـۆزە عەرەبـەكان دا هەبـوو. ئەمـەش بـەو مانایـە بـوو، كـە ئـەو هۆزانـەی ئەچوونـە نـاو مەككـە ناچاربـوون هەتـا لـە مەككـەدا بـن، واز لەدوژمنایەتـی و تۆڵەسـەندنەوە بهێنـن،. حـەج وەک رێورەسـمێكی گرنگـی ئایینیـی بەشـدار بـوو لـە هێوركردنـەوەی ناكۆكییـەكان. حاجیانـی ناوچـە جیـاوازەكان لـە كەشـێكی ئایینیـدا كۆدەبوونـەوە، ئەمـەش یارمەتیدەربـوو بـۆ وەلانانـی رق و كینـە. خزمەتكردنـی حاجییـەكان، وەكـو دابینكردنـی ئـاو و خـۆراک و شـوێنی نیشـتەجێبوونیان، لـە نێـو هـۆزە عەرەبەكانـدا بـە ئەركێكـی پیـرۆز دائەنـرا. پێگـەی قورەیشـی وەك هۆزێكـی بـێ لایـەن و میواندۆسـت بەهێـز كـرد. ئەمـەش هـۆكار بـوو بـۆ ئـەوەی تاڕادەیەكـی زۆر لەشـەڕ و تۆڵەكردنـەوە بـەدوور بێـت.

## ئەنجام:

### لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە دا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١/ لەئەنجامـی نەبوونـی دەسـەڵاتێكی ناوەندیـی و سیسـتمێكی یاسـایی، ئاسایشـیی تاكەكەسـیی و هۆزایەتیـی باوبـوو، واتـە پێویسـت بـوو هـۆز و ئەندامەكانـی هـۆز هێمنـی و ئاسـایش بـۆ ئەندامەكانیـان دابیـن بكـەن و لـە ئەنجامـی هـەر دەسـتدرێژی و سـووكایەتییەك تۆڵەیـان بـۆ بكەنـەوە.

٢/ عـەرەب لەپێـش ئیسـلامدا پەنـای بردۆتـە بـەر تۆڵەكردنـەوە، وەكـو پارێـزگاری كـردن لەشـكۆی خێـڵ و لابردنـی

سـووکایەتیی لەسـەر هۆزەکـەی، بـۆ ئـەوەی بـە چـاوی سـووك لەلایـەن هۆزەکانـی تـرەوە سـەیر نەکرێـن.

٣/ زۆرجـار لەبەرامبـەر کوشـتنی ئەندامێکـی دا، هۆزەکـە چەندییـن کەسـیان ئەکوشـتەوە، بگەیشـتوبوونایە هـەر کەسـێك لـە هـۆزی بکـوژ لـە تۆڵـەی کوژراوەکـەی خۆیـان دا ئەیانکوشـتەوە؛ بەبـێ ئـەوەی هییـچ تاوانێکـی هەبێـت.

٤/ لەسـەر شـتی زۆر سـادە و سـاکار شـەڕی گەورەیـان هەڵگییرسـاندووە و کەمـتر پەنایـان ئەبـردە بـەر سـازان و گفتوگـۆ و چارەسـەری ماددیـی (دیـە)، بەشـێکیان خوینباییـان بەنەنگـی و شـەرم ئەزانـی و پێیـان وابـوو تـا لەژیانـدا مابـن ئـەو نەنگییـە لەگەڵیانـدا ئەمێنێتـەوە. ژمارەیـەك لـە شـاعیران هاندەربـوون بـۆ تۆڵەسـەندنەوە و رەتکردنـەوەی سـازان.

٥/ قورەیـش لـەو بـوارەدا توانـی زیرەکانـە مامەڵـە بـکات و لـە رێگـەی هاوپەیمانـی و خزمەتکردنـی حاجییـان لـە وەرزی حـەج دا، بەپێشکەشـکردنی خـواردن و خواردنـەوە و شـوێنی مانـەوە سـەرنجیی هـۆزەکان بۆخـۆی رابکێشـێ، بـە جۆرێـك بەگـەورە و پارێـزەری ماڵـی خوایـان ئەزانیـن، لـەو بـوارە دا لـە دەسـتدرێژی و تۆڵەکردنـەوە تـا رادەیەکـی بـاش پارێزراوبـوون.

# اسباب ظاهرة الثأر عند العرب قبل الاسلام


## المخلص:

كان الثـأر جـزءا اساسـيا في حيـاة القبائـل العربيـة قبـل الاسـلام. ويمثـل ظاهـرة مـن ظواهـر حمايـة شرف وكرامـة القبيلـة. وفي حالـة تعـرض احـد ابنـاء القبيلـة للقتـل او اهانـة يجـب عـلى القبيلـة الانتقـام واخـذ بثارهـا وارجـاع كرامتهـا لان ذلـك مرتبـط بمكانـة القبيلـة وشرفها...لهـذا كان الثـأر ملجـأ ووسـيلة اجتماعيـة للحفـاظ عـلى مكانـة وهيبـة القبيلـة . وبمـا ان العـرب قبـل الاسلام لم يكـن لديهـم قانـون مـدون ومحـدد ينظـم حياتهـم فهـم غالبـا يلجـؤن الى العـرف والعـادات والتقاليـد لتنظيـم أمـور حياتهـم. لهـذا لجـؤا الى الثـأر الشـخصي و القبـلي لإنقـاذ قبيلتهـم مـن الاهانـة والعيـب والعـار. ان البحـث بعنـوان (اسـباب ظاهـرة الثـأر عنـد العـرب قبـل الاسـلام)ولقد اعتمدنـا عـلى عـدد مـن المصـادر الاصليـه والمراجـع فى كتابتـة هـذا البحـث .

ويتكـون البحـث مـن المقدمـه وخاتمـة و عـدد مـن محـاور الـذى تطرقنـا فيـه الى تعريـف ظاهـرة الثـأر فى القـران وكتـب السـنة النبويـة وكتـب اللغـة .وكذلـك تكلمنـا عـن اسـباب (الاجتماعيـه والاقتصاديـة والسياسـية والدينيـة) لانتشـار هـذه الظاهـرة. مـع الاشـاره الى عـدد مـن محـاور أخـرى لتوضيـح اسـباب أخـرى.

لقـد كان الحيـاة في المجتمـع العـربي قبـل الاسـلام قائمـة عـلى الإخـلاص والانتـماء للقبيلـة. وكان الثـأر وسـيلة لتقويـة العصبيـه القبليـة بـين اعضـاء القبيلـة .فـإن الاعتـداء عـلى احـد افـراد القبيلـة. تعنـى الاعتـداء عـلى جميـع أعضاءهـا .لهـذا كان لزامـا عليهـم جميعـا أن يأخـذوا بثـاره وكانـوا ينظـرون الى الثـأر لكونـه احـد الانظمـة الطبيعيـة المتبعـة عندهـم. لكـن التغـيرات طـرأت عليـه بعـد مجـئ ديـن اللـه تعالـى.


**كلمات افتتاحيه (الثأر. القبيله .العادات والتقاليد .الشرف).**

Causes of the phenomenon of revenge among the Arabs before Islam

Yousif Sabr Mawlood    Shahlla Burhan Abdulla
yousif.s.mawlood@su.edu.krd    Shahla.abdulla@edu.su.krd
Department Of history, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Iraq-kurdistan

Abstract:
Revenge was a fundamental part of Arab tribal life before Islam, representing a means of protecting the honor and dignity of the tribe. When a member of the tribe was killed or insulted, it became the tribe's duty to seek revenge and restore its honor, as this was closely tied to the tribe's status and reputation. Revenge, therefore, served as a social tool to maintain the tribe's position and prestige.
Since pre-Islamic Arabs did not have a codified legal system to govern their lives, they often relied on customary laws, traditions, and norms. As a result, personal and tribal revenge became a necessary means to protect the tribe from humiliation and disgrace.
The research, titled "The Causes of the Phenomenon of Revenge Among Arabs Before Islam," is based on several primary sources and references. The study consists of an introduction, a conclusion, and various sections that explore the phenomenon of revenge as mentioned in the Quran, the Prophetic traditions, and linguistic works. Additionally, it discusses the social, economic, political, and religious reasons for the prevalence of this practice, while addressing other relevant aspects to further clarify its underlying causes.
Life in Arab society before Islam was based on loyalty and allegiance to the tribe. Revenge (thar) was a means of strengthening tribal solidarity among its members. An attack on one member of the tribe was considered an attack on all of its members. Therefore, it was an obligation for all to seek revenge. They viewed revenge as one of the natural systems practiced in their society. However, changes occurred after the arrival of the religion of Muhammad, peace be upon him.
Key word: (Revenge, tribe, customs and traditions, honor).

## لیستی سەرچاوەکان:

ابـن الأثـير الشـيباني: (١٩٧٩)، النهايـة في غريـب الحديـث والأثـر، تحقيـق: طاهـر أحمـد الـزاوى و محمـود محمـد الطناحـي، المكتبـة العلميـة، بـيروت.
ابن الاثير: (١٩٩٧)، كامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.
ئەرستۆ: (٢٠٠٥)، پەیمانی کۆمەڵایەتی، و: محمد صابر کريم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.
الأزهري: (٢٠٠١)، تهذيب اللغة، تحقق: محمد عوض مرعب، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

امارة، سعيد خالد يوسف: (٢٠٢١)، عقوبة الحرق بالنار في جريمة قتل عمد، رسالة ماجستير في الفقه والتشريع بكلية دراسات العليا في الجامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين.

برو، توفيق:(١٩٩٦)، تاريخ العرب القديم، دار الفكر المعاصر، بيروت.

البكري: (٢٠٠٠)، التنبيه على أوهام أبي علي في أماليه، تحقق: دار الكتب والوثائق القومية، مركز تحقيق التراث، مطبعة دار الكتب المصرية، بالقاهرة.

البغوي: (١٤٢٠هـ)، معالم التنزيل في تفسير القرآن، تحقق: عبد الرزاق المهدي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

الترمذي: (د.م)، الجامع الصحيح سنن الترمذي، تحقيق: محمد شاكر واخرون، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

الثعالبي: (د.م)، ثمار القلوب في المضاف والمنسوب، دار المعارف، القاهرة.

الثعلبي: ( ٢٠٠٢)، الكشف والبيان عن تفسير القرآن، تحقيق: الإمام أبي محمد بن عاشور، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

الجاحظ: (١٤٢٤هـ)، الحيوان، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن الجوزي: (١٩٩٢)، المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، تحقق: محمد عبد القادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

الجوهرى: (١٩٨٧)، الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين، بيروت.

ابن حبيب: (١٩٨٥)، المنمق في أخبار قريش، تحقق: خورشيد أحمد فاروق، عالم الكتب، بيروت.

ابن حبيب: (د.م)، المحبر، تحقيق: إيلزة ليختن شتيتر، دار الآفاق الجديدة، بيروت.

حسن: (٢٠١٣)، عبدالباسط احمد محمد: ظاهرة الثار دراسة الدعوية، مطبعة محمد ابو عسل، د.ت.

الحميرى: (١٩٩٩)، شمس العلوم ودواء كلام العرب من الكلوم، تحقق: حسين بن عبد الله العمري واخرون، دار الفكر المعاصر بيروت.

ابن خلدون: (١٩٨٨)، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تحقق: خليل شحادة، دار الفكر، بيروت.

ابن خلدون: (١٩٨٤)، مقدمة ابن خلدون، دار القلم، بيروت.

الدينوري: (١٩٩٢)، المعارف، تحقيق: ثروت عكاشة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

الذهبي: (١٩٩٣)، تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تحقق: عمر عبد السلام التدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.

الرازى: (١٩٩٩)، مختار الصحاح، تحقق: يوسف الشيخ محمد، الدار النموذجية، بيروت.

الزَّبيدي: (د.م)، تاج العروس من جواهر القاموس، تحقق: مجموعة من المحققين، دار الهداية، د.ت.

ئەلزیدی، موفید: ٢٠١٥، سەرەتایەك لەفەلسەفەی مێژوو، و:بورهان حاتەم گۆمەتالی، ناوەندیی هزر بۆچاپ و بڵاو کردنەوە، هەولێر.

زەڵمی. مستەفا ئیبراهیم: (٢٠١٥)، کوشتنی مورتەد لە قورئاندا، و: ڕێدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

السرخسى: (٢٠٠٠)، المبسوط، دراسة وتحقيق: خليل محي الدين الميس، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

ابن سلام: (١٩٨٠). الأمثال، تحقق: الدكتور عبد المجيد قطامش، دار المأمون للتراث، د.ت.

ابن سلمة: (١٣٨٠ هـ)، الفاخر، تحقيق: عبد العليم الطحاوي، دار إحياء الكتب العربية، د.ت.

السهيلي: (٢٠٠٠)، الروض الأنف في شرح السيرة النبوية لابن هشام، تحقيق: عمر عبد السلام السلامي، دار إحياء التراث

العـربي، بيروت.

سيد قطب: (١٤١٢هـ)، في ظلال القرآن، دار الشروق، بيروت.

ابن سيدة: (٢٠٠٠)، المحكم والمحيط الأعظم، دار الكتب العلمية، بيروت.

صافي، محمود بن عبد الرحيم: (١٤١٨هـ)، الجدول في إعراب القرآن الكريم، دار الرشيد، بيروت.

الطبري: (٢٠٠٠)، جامع البيان في تأويل القرآن، تحقق: أحمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة، د.ت.

طقوش، محەمەد سهيل: (٢٠٠٩)، پوختەی مێژووی ئیسلامی، و: نهاد جلال حبيب الله، دارالفكر، بيروت.

ابن عبد ربه: (١٤٠٤ هـ)، العقد الفريد، دار الكتب العلمية، بيروت.

عبدالجـواود، محمـد عـماد احمـد: (٢٠٠٧)، الثـار عنـد العـرب مقارنـا بالقصـاص في الشريعـة الاسـلامية، مقـدم الى كليـة الحقوق لنيـل درجـة الدكتـوراة في تاريـخ القانـون، جامعـة اسـيوط.

على الوردى: (٢٠١٥)، لێکۆڵیینەوەیەك لەسروشتی کۆمەڵگەی عێراقی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر

علي الوردى: (٢٠٢٠)، سۆسیۆلۆجیای ئیسلام، و: مەودوود جەبار، ناوەندیی رۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.

علي، جواد: (٢٠٠١)، المفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام، دار الساقي، د.ت.

ابن فارس: (١٩٧٩)، معجم مقاييس اللغة، تحقق: عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، د.ت.

الفاسي: (٢٠٠٠)، شفاء الغرام بأخبار البلد الحرام، دار الكتب العلمية، د.ت.

الفراهيدي: (د.م)، كتاب العين، تحقق: مهدي المخزومي، إبراهيم السامرائي، دار ومكتبة الهلال، (د.ت.

الفرج الأصبهاني: (د.م)، الأغاني، تحقيق: سمير جابر، دار الفكر، بيروت.

الفيروزآبـادى: (٢٠٠٥)، القامـوس المحيـط، تحقيـق: مكتـب تحقيـق الـتراث في مؤسسـة الرسـالة، مؤسسـة الرسـالة للطباعـة والنـشر والتوزيـع، بـيروت.

القسطلاني: (١٣٢٣هـ)، إرشاد الساري لشرح صحيح البخاري، المطبعة الكبرى الأميرية، مصر.

ابن كثير: (١٩٨٨)، البداية والنهاية، تحقق: علي شيري، دار إحياء التراث العربي، د.ت.

ابـن كثـير: (٢٠١٤)، تفسـير ابـن كثـير بەکوردیـی، و: علـی حاجـی عبـد اللـە پریسـی، ناوەندیـی رۆشـنبیر بـۆ چـاپ و بـڵاو کردنـەوە.

الكلاعـي: (١٤٢٠ هــ)، الاكتفـاء بمـا تضمنـه مـن مغـازي رسـول اللـه - صـلى اللـه عليـه وسـلم - والثلاثـة الخلفـاء، دار الكتـب العلميـة، بـيروت.

الكلبي: (٢٠٠٠)، الأصنام، المحقق: أحمد زكي باشا، دار الكتب المصرية، القاهرة.

گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم: (٢٠٢٠)، پوختەی فەلسفەی مێژوو، کتێبخانەی تەفسیر، هەولێر.

المـاوردى: (١٩٩٩)، الحـاوي الكبـير في فقـه مذهـب الإمـام الشـافعي وهـو شرح مختـصر المـزني، تحقـق: الشـيخ عـلي محمـد معـوض، الشـيخ عـادل أحمـد عبـد الموجـود، دار الكتـب العلميـة، بـيروت.

محمـود، عرفـة محمـود: (د.م)، العـرب قبـل الاسـلام احوالهـم السياسـية والدينيـة واهـم مظاهـر حضارتهـم، دار الثقافـة العربيـة، د.ت.

المرزباني: (١٩٨٢)، معجم الشعراء، بتصحيح وتعليق: ف.كرنكو، مكتبة القدسي، دار الكتب العلمية، بيروت.

المرزوقي: (٢٠٠٣)، شرح ديوان الحماسة، تحقق: غريد الشيخ، دار الكتب العلمية، بيروت.

الملاح، هاشم يحيى: (١٩٧١)، الوسيط في تاريخ العرب قبل الاسلام، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن منظور: (١٤١٤هـ)، لسان العرب، دار صادر، بيروت:

الميداني: (د.م)، مجمع الأمثال، تحقق: محمد محيى الدين عبد الحميد، دار المعرفة، بيروت.

مؤنس، حسين: (١٩٨٧)، الحضارة دراسة في اصول وعوامل قيامها وتطورها، عالم المعرفة.

مونتسیکۆ: (٢٠٢٠)، رۆحی یاساکان، و: ئیدریس شێخ شەرەفی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

النسفي: (١٣١١هـ)، طلبة الطلبة، المطبعة العامرة، د.ت.

نولدكة، ثيودور، (١٩٣٣)، أمراء غسان، ت: بشدلی جوزی و قسطنطين زريق، مطبعة الكاثوليكية، بيروت

النويرى: (٢٠٠٤)، نهاية الأرب في فنون الأدب. تحقيق: مفيد قمحية وجماع، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن هشام. (١٩٥٥)، السيرة النبوية. مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبد الحفيظ الشلبي. د.ت.

وات، مونتجومري.( د.م)، محمد في مكة. ترجمة: شعبان بركات، منشورات مكتبة المصريه، بيروت.

اليعقوبي: (١٩٦٤)، تاريخ اليعقوبي. تقديم و تعليق: محمد صادق بحر العلوم، المكتبة الحيدري، د.ت.

اليوسف: (١٩٨١)، زهر الأكم في الأمثال والحكم. تحقيق: محمد حجي ومحمد الأخضر، الدار البيضاء، د.ت.